مجلة فصلية محكمة تصدرها كلية
التربية للعلوم الإنسانية ـ جامعة كركوك

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

مجلة فصلية صادرة من
كلية التربية للعلوم الإنسانية
جامعة كركوك
Issn 1992 - 1179
العنوان البريدي
العراق/ كركوك/ جامعة كركوك
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001
رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009

مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية
المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية

المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

مجلة فصلية صادرة من كلية التربية للعلوم الإنسانية
جامعة كركوك

ISSN 1992 - 1179

العنوان البريدي
العراق/ كركوك/ جامعة كركوك
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001
رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009

E. mail
kujhs@uokirkuk.edu.iq

رئيس التحرير
الأستاذ الدكتور
مراد إسماعيل أحمد

29 تموز 2025

## أعضاء هيئة التحرير


| ت | الاسم | اللقب العلمي | البلد | الاختصاص | مكان العمل | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | د. مراد إسماعيل احمد | أستاذ | العراق | الجغرافية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | رئيس هيئة التحرير |
| 2 | د. حيدر عادل محمد | مدرس | العراق | اللغة التركية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | مدير هيئة التحرير |
| 3 | د. مشاري عبد العزيز محمد الموسى | استاذ | الكويت | اللغة العربية | جامعة الكويت كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 4 | د. سيد صادق عوض الله احمد | استاذ | مملكة البحرين | اللغة الإنكليزية | جامعة البحرين كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 5 | د. نازان توتاش | أستاذ | تركيا | اللغة الإنكليزية | جامعة انقرة كلية اللغات | عضو هيئة تحرير دولي |
| 6 | د. فهد عباس سليمان | أستاذ | العراق | التاريخ | جامعة كركوك كلية التربية للبنات | عضو هيئة هيئة تحرير |
| 7 | د. نور الله جتين | استاذ | تركيا | اللغة التركية | جامعة انقرة كلية اللغات | عضو هيئة تحرير دولي |
| 8 | د. كمال عبد الله حسن | استاذ | العراق | الجغرافية | جامعة الانبار كلية الاداب | عضو هيئة تحرير |
| 9 | د. زانيار فائق سعيد | استاذ | العراق | اللغة الانكليزية | جامعة السليمانية | عضو هيئة تحرير |
| 10 | د. جنار عبد القادر احمد | أستاذ | العراق | علوم تربوية ونفسية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 11 | د. دلال علي سليمان زريقات | استاذ | الأردن | الجغرافية | الجامعة الأردنية كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 12 | د. ياسر محمد طاهر | أستاذ | العراق | طرائق التدريس | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الصرفة | عضو هيئة تحرير |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 13 | د. كاروان عمر قادر | استاذ | العراق | اللغة الكوردية | جامعة السليمانية كلية اللغات | عضو هيئة تحرير |
| 14 | د. عصام مصطفى عبد الهادي عقلة | أستاذ مشارك | الامارات | التاريخ | جامعة خورفكان كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 15 | د. ابراهيم بن يحيى بن زهران البوسعيدي | أستاذ مشارك | سلطنة عمان | التاريخ | جامعة السلطان قابوس كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 16 | د. نزيه إبراهيم المناسية البطوش | استاذ | الاردن | الجغرافية | الجامعة الأردنية | عضو هيئة تحرير دولي |
| 17 | د.خالصة الغباري | أستاذ مساعد | سلطنة عمان | اللغة الإنكليزية | جامعة السلطان قابوس كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 18 | د. مهدي قيس عبد الكريم الجنابي | أستاذ مساعد | الامارات | علوم القران | جامعة الشارقة كلية الشريعة والدراسات الإسلامية | عضو هيئة تحرير دولي |
| 19 | د. إسماعيل البر قومسر | أستاذ مساعد | تركيا | اللغة التركية | جامعة دوزجه | عضو هيئة تحرير دولي |
| 20 | د.فارس محمود محمود | أستاذ مشارك | سويسرا | الجغرافية | جامعة بيرن | عضو هيئة تحرير دولي |
| 21 | د. كامل عبد القادر حسين | أستاذ مساعد | العراق | علوم القران | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 22 | د. عز الدين صابر محمد | أستاذ مساعد | العراق | اللغة الكوردية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 23 | د. خالد احمد هواس | أستاذ مساعد | العراق | اللغة العربية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 24 | د. محمد اكبر بور | أستاذ مساعد | ايران | الجغرافية | جامعة ريزا كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 25 | د. علي هادي حسن | أستاذ مساعد | العراق | اللغة العربية | جامعة كركوك<br>كلية التربية<br>للعلوم الإنسانية | عضو هيئة<br>تحرير |
| 26 | د. مجيد احميد جدوع<br>الزبيدي | استاذ | العراق | اللغة الإنكليزية | جامعة الانبار<br>كلية الاداب | عضو هيئة<br>تحرير |
| 27 | د. محمد علي شريف | أستاذ مساعد | العراق | اللغة التركية | جامعة كركوك<br>كلية التربية<br>للعلوم الإنسانية | عضو هيئة<br>تحرير |
| 28 | د. زينب عصمت صفاء<br>الدين | مدرس | العراق | اللغة الإنكليزية | جامعة كركوك<br>كلية التربية<br>للعلوم الإنسانية | عضو هيئة<br>تحرير |
| 29 | د. عماد عبد الله مراد | مدرس | العراق | علوم القران | جامعة كركوك<br>كلية التربية<br>للعلوم الإنسانية | عضو هيئة<br>تحرير |

مقدمة

يشرفني أن أقدم لكم هذه المقدمة التي تسلط الضوء على الدور الحيوي والمهم للبحوث التي يقدمها الباحثون للمجلة، والتي تسهم بشكل فاعل في تعزيز وتطوير مجالات الدراسات الإنسانية. إن المجلة تهدف إلى توفير منصة علمية رائدة لنشر الأعمال الأكاديمية التي تتناول قضايا حيوية في مختلف فروع العلوم الإنسانية، بما في ذلك الفلسفة، وعلم الاجتماع، والأنثروبولوجيا، وعلم النفس، واللغة، والتاريخ، والفنون، وغيرها.

إن الأبحاث المقدمة للمجلة ليست مجرد نتائج لدراسات علمية، بل هي محطات فكرية تعكس تطور المفاهيم والنظريات في هذه المجالات. تعمل هذه الدراسات على طرح حلول للمشاكل المعاصرة، وفهم الظواهر الإنسانية في سياقاتها المختلفة، كما تساهم في تقديم رؤى جديدة لتطوير المجتمع وتعزيز الوعي الثقافي والعلمي.

إن الدور الكبير لهذه البحوث لا يتوقف عند نشر المعرفة فقط، بل يتعداه إلى تحفيز التفكير النقدي والإبداعي، ودعم الجهود الأكاديمية في بناء قاعدة معرفية متينة تُسهم في تحريك عجلة التغيير والتطور في المجتمعات الإنسانية. ولذلك، فإننا نعتبر هذه البحوث أداة أساسية في تطوير الفكر الإنساني، ودعم المساعي المستمرة لتحسين جودة الحياة البشرية عبر أبعادها المختلفة.

نتطلع في المجلة إلى استقبال مزيد من الدراسات الرصينة التي تثرينا وتوسع آفاقنا العلمية، مؤمنين بأن هذه الإسهامات العلمية هي حجر الزاوية في بناء مستقبل أكثر إشراقاً في مجال الدراسات الإنسانية.

**رئيس هيئة التحرير**

**ا. د. مراد إسماعيل احمد**

**شروط وقواعد النشر في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية**

1. تسلم نسخة الكترونية من البحث عبر الموقع ( https://kujhs.uokirkuk.edu.iq ) تحت برنامج Microsoft Word بصيغة doc او بصيغة dox.
2. يطبع البحث بواسطة الحاسوب بمسافات واحدة بين الأسطر شريطة أن لايزيد عدد صفحاته عن 25 خمس وعشرين صفحة وبواقع (5000 الى 10000 ) كلمة، ونوع الخط Simplified Arabic بما في ذلك الجداول، مع تنسيق محدد مسافة 1.5، خط بحجم 14، على ورق A4. للبحوث الخاصة باللغة العربية، يُكتب البحث بخط (Times New Roman) للغة الإنجليزية و التركية بحجم خط (14) على ورق مقاس(A4). اما بالنسبة اللغة الكوردية فونت كوران Kurdfonts.
3. تقديم سيرة علمية مختصرة للباحث أو الباحثين مرفقة مع البحث وتكون منفصلة.
4. تكتب أسماء الباحثين الثلاثية باللغة العربية والإنجليزية كما تذكر عناوين وظائفهم الحالية ورتبهم العلمية.
5. إقرار من المؤلف يؤكد أن البحث لم يسبق نشره وليس قيد النشر في مجلة أخرى.
6. العناوين الرئيسة والفرعية تستعمل داخل البحث لتقسيم أجزاء البحث حسب أهميتها وبتسلسل منطقي وتشمل العناوين الرئيسة: عنوان البحث، الملخص، الكلمات الدالة، المقدمة، إجراءات البحث، الشرح، الاستنتاج، المراجع.
7. يرفق مع البحث ملخص باللغة العربية وباللغة الإنجليزية على أن لاتزيد كلمات الملخص عن (250) كلمة.
8. تكتب بعد الملخص الكلمات الدالة للبحث.
9. تطبع الجداول والأشكال والخرائط داخل المتن وترقم حسب ورودها في البحث وتزود بعناوين ويشار إلى كل منها بالتسلسل.
10. يجوز نشر البحث إذا كان مستلًا من أطروحة أو رسالة دكتوراه أو ماجستير، بشرط ألا تكون هذه الرسائل منشورة أو مقبولة للنشر، ويجب الإشارة إلى هذا في الصحيفة الأولى وقائمة المراجع، والإفصاح عن ذلك في الإقرار والتعهد.

11. يلتزم الباحث بدفع النفقات المالية المترتبة على إجراءات التقويم في حال طلبه سحب البحث ورغبته عدم متابعة إجراءات النشر.

12. يمنح الباحث مدة أقصاها ثلاثة اشهر لإجراء التعديلات على بحثه إن وجدت ومن حق المجلة بعد ذلك الغاء الملف البحثي تلقائيا في حال تجاوز المدة المذكرة أعلاه.

13. التوثيق ( قائمة المراجع )

أ. يُشترط اتباع أسلوب الكتابة وفقًا لمعايير APA النسخة السابعة (الجمعية الأمريكية لعلم النفس )، ويجب الالتزام بالدقة في الاستشهادات وتنسيق القائمة المرجعية وفقًا لهذه المعايير، لضمان الوضوح والتناسق في تقديم البيانات والمعلومات العلمية.

ب. يشار إلى المراجع في المتن بالاسم الأخير للمؤلف وسنة النشر والصحيفة، مثال: علي عبد عباس العزاوي ( العزاوي، 2008: 214) أو ( العزاوي، 2008).

ت. يجوز في بحوث علوم القرآن والتأريخ الإسلامي توثيق المراجع من خلال تهميش المراجع باستعمال الأرقام المتسلسلة بين قوسين هكذا (1) ، (2) ، (3) وتبين في آخر البحث تفاصيل المراجع حسب تسلسلها وتوضع قبل قائمة المصادر والمراجع.

ث. توثق المصادر والمراجع في قائمة واحدة في نهاية البحث وترتب هجائيا حسب الاسم الأخير للمؤلف مثل:

(اسم العائلة، الاسم الأول للمؤلف، (سنة النشر )، عنوان الكتاب، رقم الطبعة، مدينة النشر، در النشر )، مثال:

شحاذة ، نعمان 2011، التحليل الإحصائي في الجغرافية والعلوم الاجتماعية، عمان – الأردن، دار صفاء للنشر والتوزيع.

ج. أما الدوريات: فيبدأ بذكر الاسم الأخير للمؤلف، ثم بقية الاسم كاملاً، ثم توضع سنة النشر بين حاصرتين. ثم عنوان البحث. ثم اسم المجلة غامق، ثم مكان صدورها، ثم رقم المجلد، ثم رقم العدد، ثم أرقام الصفحات.

14. يستشهد الباحث ببحثين على الأقل منشورين في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

15. عمل استلال للبحث في مركز الحاسبة الصادر من رئاسة الجامعة.

16. على الباحث دفع أجور النشر البالغة: (150.000) مائة الف دينار عراقي واذا زاد عدد الصفحات عن (25) خمس وعشرين صحيفة فسوف يتم استيفاء الأجور بواقع (5.000) خمسة الاف دينار لكل صفحة.

17. تجري هيئة تحرير المجلة التقييم الأولي للبحث، ثم يُعرض على محكّمين من ذوي الخبرة العلمية في مجال التخصص، وتلتزم المجلة بإخطار الباحث بالقرار النهائي بشأن الموافقة على النشر من عدمها على أن يلتزم الباحث بإجراء التعديلات التي قد يطلبها المحكمون من أجل إجازة البحث أو الدراسة للنشر في المجلة.

18. ترسل البحوث وجميع المراسلات المتعلقة بالمجلة الى موقع المجلة.

## فهرست البحوث المنشورة

## بحوث علوم القران


| ت | عنوان البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | آثار الإلحاد المعاصر في حياة المجتمعات وسبل الوقاية منه | تغلب خليل إبراهيم<br>أ. د. محمد خليل إبراهيم | 1-45 |


## بحوث العلوم النفسية و التربوية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | أثر أنموذج التعلم ثنائي الموقف في تحصيل طلاب الصف الخامس الأدبي في مادة القرآن الكريم والتربية الاسلامية وتنمية تفكيرهم المنظومي | م. م علي حسين عبدالله إبراهيم | 46-76 |
| 2 | إثر استراتيجية حوض السمك في تجهيز معلومات طلاب الصف الخامس الأدبي في مادة التاريخ وتنمية تفكيرهم الجانبي | م. د اسماعيل حماش جاسم | 77-113 |


## بحوث الجغرافية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | تأثير السدود على التنمية الريفية المستدامة، دراسة حالة سد شيان، محافظة كرمانشاه، إيران | اثير عزمي<br>ديدار اسود علي<br>طيب طالب حمه خان | 114-141 |

## بحوث التاريخ


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | **النتاج العلمي لعلماء المغرب العربي والأندلس في حقل التأليف من خلال كتاب وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان لابن خلكان (ت 681هـ/1282م)** | ساهرة فاضل عواد ششو<br>أ. د. عذال إبراهيم حسين | 142–183 |
| 2 | **السياسة البريطانية تجاه مصر 1914–1936 دراسة تاريخية** | م.م مدحت حماش جاسم | 184–211 |
| 3 | **تلوث مياه شط العرب بنفط شركة النفط الانكليزية–الفارسية وانعكاسه على العلاقات العثمانية–البريطانية قبل الحرب العالمية الاولى دراسة من خلال الوثائق** | ا. م. د. عيدان شبيب سليم الصباحي | 863–885 |


## بحوث اللغة التركية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | تحليل قصيدة " بيتنا القديم" للشاعرة نسرين أربيل | ايلاف سالار أنور<br>أ.م. گـۆران صلاح الدين شكر | 212–236 |
| 2 | دراسة مقارنة بين الأمثال التركية والكردية | م.م. ايمان ازاد صادق | 237–257 |
| 3 | دراسة حول المساهمة التاريخية للسلطان مظفر الدين كوكبورو في أربيل | أيناس سالار أنور<br>د. نازناز به هجه ت توفيق | 258–272 |
| 4 | اللواحق الظرفية في اللغة التركية واللهجة البهدينية للغة الكردي | حلبشيما محمد شريف<br>د. گـۆران صلاح الدين شكر | 273–298 |
| 5 | مقارنة بين الصوامت التركية والتركمانية العراقية اربيل اتموذجا | زينب صديق صابر<br>أ.م.د.حازم برهان نجار | 299–327 |
| 6 | التدهور الاجتماعي والأخلاقي في قصائد رضا چولاك أوغلو | نازناز عدنان سمين<br>أ.م. گـۆران صلاح الدين شكر | 328–364 |
| 7 | دراسة اجتماعية وسياسية حول قصة "مجه حمال" لكمال بياتلي | هدى أبراهيم مصطفى<br>أ.م. گـۆران صلاح الدين شكر | 365–389 |

## بحوث اللغة العربية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | اثر استراتيجية صندوق الحروف القائمة على التعلم النشط في تنمية مهارات القراءة لدى تلميذات الصف الثاني ابتدائي | م. د. علي احمد حسين حمد السبعاوي | 390−429 |


## بحوث اللغة الانكليزية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | الديستوبية القوطية لفيليب ريدلي: صدمة الطفولة وعالم ما بعد 11 سبتمبر | م.م.آلاء موفق مصطفى الخزرجي | 430−457 |
| 2 | موضوعة الأرض الخراب في قصيدة "العواء" لألين غينسبرغ | ا.م.د حسين كاظم جلاب | 458−472 |

# بحوث اللغة الكردية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | المبادئ الأيديولوجية اللغوية في بنية اللغة الكردية | أ.م. ادريس حمەمراد مجيد<br>أ.د. كاروان عمر قادر | 473-500 |
| 2 | التمرد فى الشعر عبدالله بشيو | احمد صادق خورشيد<br>أ.م.د.عزالدين صابر محمد | 501-524 |
| 3 | (القضايا والإشكاليات الاجتماعية في روايات عطا محمد) | وريا برهان نورى<br>م. د. آشتى حسين عارف | 525-548 |
| 4 | أسباب التشاؤم في أشعار أحمد هردى | أمجد رحمان قادر<br>أ.د. سردار أحمد كردي | 549-582 |
| 5 | معالجة اللغة في معجم عقلي ثنائي اللغة | م. د. باخان سرحد عبدالرحمن<br>م. د. تانيا إسماعيل حمه امين | 583-624 |
| 6 | انعكاس الصراع النفسي في رواية بختيار علي (قصر الطيور الحزينة) | افين عبد القادر خليفه<br>ا.م. كويستان جمال سلام | 625-652 |
| 7 | المدح في الشعر الكردي عند الشيخ رضا الطالباني | جيكر قادر عمر<br>أ.د. سردار أحمد كردي | 653-681 |
| 8 | عنصر المكان و الغرابة في روايتي هيوا قادر (القصر الأحمر و طفل علئ القمر) | ريباز قادر ياسين<br>أ.د. مهدي فاتح عمر | 682-713 |
| 9 | اكتساب اللغة وتعلمها عند الطفل في لهجة السليمانية والهورامية | م . سالم حسن عەزیز<br>ا. د. بەکر عمر علی | 714-750 |
| 10 | تعلم اللغة الثانية من خلال الصور الذهنية(اللغة الانجليزية نموذجآ) | آ.د.عبدالواحد مشير محمود<br>د.ڕێژنه سیف الدین حسن | 751-778 |
| 11 | التاريخانية الجديدة" وتطبيقاته في رواية "نيشتمانى سارا" لـ 'ميران ابراهام' | م. كانياو بكر عبدالله<br>ا. د.شنۆ محمد محمود | 779-807 |
| 12 | عملية التسمية في الحفاظ على اللغة الكردية | هيمن محمود قادر<br>ا.م.د. مصطفى رضا مصطفى | 808-862 |

Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
https://kujhs.uokirkuk.edu.iq
*DOI: 10.32894/1992-1179.2025.160882.1232*
**Date of research received 03/06/2025, Revise date 16/06/2025 and accepted date 21/06/2025**

# New Historicism Criticism and Its Application in Miran Abraham's Novel Nishtmani sara

**Kanyaw Bakr Abdulla**
**Prof. Dr. Shno Muhammed Mahmwd**

**Abstruct**

This research is part of the requirements for a doctoral dissertation, titled "New Historicism Criticism and Its Application in Miran Abraham's Novel Nishtmani sara" attempts to answer the following questions: What is modern criticism? What is the difference between traditional criticism and modern criticism? Then, what is the relationship between literature and history from the perspective of modern criticism? Can modern criticism be applied to contemporary Kurdish literature?

This study appears to be a Kurdish academic work that discusses some traditional critical issues and then re-examines them from a new modern perspective. We can say that this topic has not been adequately addressed in Kurdish literature. In our methodology, we relied on the descriptive-analytical-historical approach to conduct this type of study. We have concluded that modern criticism is a branch of cultural reading and cultural criticism, and it utilizes cognitive resources in reading and interpreting literary texts, Because New Historicism believes in the mutual influence of literature and history on each other

**Keywords:** (New Criticism, Modern Criticism, Culture, Novel**)**

# التاريخانية الجديدة" وتطبيقاته في رواية "نيشتمانى سارا" لـ 'ميران ابراهام'

م. كانياو بكر عبدالله[1]

ا. د.شنۆ محمد محمود[2]

**الملخص**

هذا البحث جزء من متطلبات أطروحة الدكتوراه. هذه الدراسة بعنوان "التاريخانية الجديدة" وتطبيقاته في رواية "نيشتمانى سارا" لـ 'ميران ابراهام' تحاول الدراسة الإجابة على الأسئلة التالية: ما المقصود با"التاريخانية الجديدة"؟ ما الفرق بين النقد التقليدي والنقد "التاريخانية الجديدة"؟ ثم ما هي العلاقة بين الأدب والتاريخ من منظور النقد التاريخانية الجديدة"؟ هل يمكن تطبيق النقد "التاريخانية الجديدة" على الأدب الكردي المعاصر؟ يبدو أن هذه الدراسة هي عمل أكاديمي كردي، حيث تناقش بعض القضايا النقدية التقليدية ثم تعيد طرحها من منظور حداثي جديد. يمكننا القول أن هذا الموضوع لم يتم التطرق إليه بشكل كافٍ في الأدب الكردي. في منهجيتنا، اعتمدنا على الأسلوب الوصفي–التحليلي–التاريخي لإجراء مثل هذا النوع من الدراسات. لقد توصلنا إلى أن النقد الحداثي هو أحد فروع القراءة الثقافية والنقد الثقافي، ويستفيد من المصادر المعرفية في قراءة وتفسير النصوص الأدبية، لأن التاريخانية الجديدة تؤمن بالتأثير المتبادل بين الأدب والتاريخ على بعضهما البعض.

**الكلمات المفتاحية:** (النقد الجديد، التاريخانية الجديدة ، الثقافة، الرواية)

[1] قسم اللغة الكردية، كلية التربية شهرزور، جامعة حلبجة Kanyaw.abdulla@uoh,edu.iq

[2] قسم اللغة الكردية، كلية اللغة، جامعة سليمانية Shno.Mahmood@univsul.edu.iq

# ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ و پراکتیزەکردنی لە ڕۆمانی"نیشتیمانی سارا"ی "میران ئەبراهام" دا

کانیاو بکر عبداللە، (مامۆستا)، بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە

د.شنۆ محمد محمود، (پرۆفیسۆر)، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە پێداویستییەکانی تێزی دکتۆرا، بە ناونیشانی (ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ و پراکتیزەکردنی لە ڕۆمانی"نیشتیمانی سارا"ی "میران ئەبراهام" دا)یە، کە تیایدا توێژەر وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە: مەبەست لەمێژووگەرایی نوێ چییە؟ جیاوازی نێوان ڕەخنەی مێژوویی کۆن و ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ چییە؟ پاشان پەیوەندی نێوان ئەدەب و مێژوو لەڕوانگەی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێوە چۆنە ؟ ئایا مێژووگەرایی نوێ لەڕۆمانی نوێی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە؟ دیارە ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگی نێوئەدەبی کوردییە، کە تیایدا چەند باسێکی مێژوویی کۆن دووبارە دێنێتەوە بەرباس و تێگەیشتنی نوێ لە بارەیەوە دەخاتەڕوو، دەتوانین بڵێین ئەم بابەتە لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا لێکۆڵینەوەی پێویستی لەسەرنەکراوە. ئێمە لە ڕێبازەکەماندا پشتمان بەمیتۆدی (وەسفی- شیکاری- مێژوویی)بەستووە بۆ گونجاندنی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە. ئێمە لەو گریمانەیەوە دەستمان پێکردووە کە مێژووگەرایی نوێ لقێکە لە لقەکانی خوێندنەوەی کلتووریی و ڕەخنەی کلتووریی و سوود لە چوارچێوە و سەرچاوە مەعریفییەکانیان وەردەگرێت لە خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا. چونکە مێژووگەرایی نوێ باوەڕی بە کاریگەری هاوبەشی ئەدەب و مێژوو لەسەر یەکتر هەیە.

وشە کلیلییەکان: ( ڕەخنەی نوێ، مێژووگەرایی نوێ، کلتوور، ڕۆمان)

## پێشەکیی:

ڕەخنەی ئەدەبی توخمێکی دانەبڕاوی ئەدەبیاتە و شێوازەکانی بۆ شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بەکاردەهێنرێن، مێژووگەرایی نوێ، کە لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دروستبووە یەکێکە لە دەستکەوتەکانی ئەم دوایییەی ڕەخنەی ئەدەبیی، کە بەدواداچوون بۆ کارلێکی مێژوو و ئەدەب دەکات و دیدێکی نوێ بە بەرهەمە ئەدەبییەکان و نووسەران دەبەخشێت. مێژووگەرایی نوێ ڕەوتێکە لە توێژینەوە ئەدەبیی و کلتوورییەکاندا، کە گرنگییەکی تایبەت بە پێگەی مێژوویی دەقەکە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە دەقەکە دەدات، لەم ڕوانگەیەوە دەق دەبێتە گۆڕەپانێک لە نێوان

بیروڕا دژ بەیەکەکانی نوسەر، ئەم میتۆدە مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبی دەکات وەک سەکۆیەک بۆ کارلێکی گوتارەکان و فرەچەشنیی و نوێنەرایەتیکردنی پەیوەندییەکانی دەسەڵات. لێرەدا مێژوو و ئەدەب لە دارشتنی یەکتردا کاردەکەن و هەمان گرنگیی لە رابردوودا بە شێوەیەکی تەقلیدیی و لە قۆناغی مۆدێرندا بە فۆرمێکی نوێ دەخرێتەڕوو. لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر باس لە چالاکییەکی ڕەخنەیی ئەدەبی دەکات، کە سەرنجێکی زۆری لە ناوەندە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندا بەدەستهێنا، بە پشتبەستن بە بۆچوونەکانی ئەم میتۆدە نوێیە هەوڵمانداوە لە چیرۆکی نیشتمانی سارا بکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی نوێی بۆبخەینە ڕوو.

١)ناونیشان و بواری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی: (ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ و پراکتیزەکردنی لە ڕۆمانی"نیشتیمانی سارا"ی "میران ئەبراهام" دا)یە، بە لەبەرچاوگرتنی شیکردنەوەی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ هەوڵدراوە خویندنەوە بۆ ڕۆمانی "نیشتمانی سارا" بکرێت و لایەنە شاراوەکانی میژوو دووبارە بە دیدێکی نوێوە بخوێنرێتەوە.

١/١) ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگی نێوئەدەبی کوردییە، کە تیایدا چەند باسێکی مێژوویی کۆن دووبارە دێنێتەوە بەرباس و تێگەیشتنی نوێ لە بارەیەوە دەخاتەڕوو.

٢/١) سنووری توێژینەوەکە:

سنووری ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی بابەتەوە ڕووداوە مێژووییەکانی نێو رۆمانی "نیشتمانی سارا" ی وەرگرتووە و بەپێی میتۆدی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ سەرلەنوێ شرۆڤە و خوێندنەوەیان بۆ دەکات.

٣/١) ناوەڕۆکی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت، لەگەڵ پوختەی باس بە زمانەکانی(عەرەبی و ئینگلیزی)، بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تیۆرییە ولە چەند پارێک پێکهاتووە، کە تیایدا، ناونیشان و بواری تویژینەوەکە ڕوونکراوەتەوە، پاشان بەرایی وبنەماکانی لێکۆڵینەوە بەپێی میتۆدی مێژووگەرایی نوێ، کە خۆی لە چەمک وپێناسەی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ و جیاوازی نێوان ڕەخنەی مێژوویی کۆن و ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ و پەیوەندی نێوان ئەدەب و مێژوو لەڕوانگەی ڕەخنەی

مێژووگەرایی نوێوە، دەبینێتەوە. بەشی دووەمی توێژینەوەکە پراکتیزەکردنی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێیە لە ڕۆمانی"نیشتیمانی سارا"ی "میران ئەبراهام" دا، لەچوارچێوەی بنەماکانی ڕەخنەی میژووگەرایی نوێدا، کە، بریتین لە بەستنەوەی دەق بەچوارچێوەی مێژوویی و کلتورییەوە، هەڵوەشاندنەوەی مێژوو، هەروەها کاریگەری گوتاری سیاسیی و کلتوریی و ئایدۆلۆژیی لە نێو ڕۆمانەکەدا ڕوونکراونەتەوە .

٢) بەرایی وبنەماکانی لێکۆڵینەوە بەپێی میتۆدی مێژووگەرایی نوێ

١/٢) چەمک و پێناسەی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ .

مێژووگەرایی نوێ تیۆرێکی ڕەخنەیی نوێیە، لەهەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، لەسەر بنەمای بۆچوونەکانی "میشێل فۆکۆ، لویس ئالتۆسەر" و بنەما تیۆرییەکانی(ستیڤن گرینبلات) دامەزراوە. کاتێک کە باس لە چەمکی مێژووگەرایی نوێ دەکرێت یەکەم شت، کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە، کە ئەم تیۆرە((جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە پرۆژەیەکی ئەدەبی و ڕەخنەییە و تا ئێستاش لە قۆناغی بنیاتناندایە و تەواو نەبووە، زۆر دوورە لەوەی تیۆرێک یان بوارێکی مەعریفیی سەربەخۆ بێت، لەبەر ئەوەی هێشتا تەواو نەبووە زەحمەتە پێناسەیەکی کۆتایی بۆ بکرێت. ئەمەش ئەوەیە، کە "گرینبلات"جەختی لەسەر دەکاتەوە کاتێک دەڵێت: یەکێک لە تایبەتمەندییە سەیرەکانی مێژووگەرایی نوێ ئەوەیە، کە لە خۆڕزگارکردن لە پێناسەی کۆتایی لە توێژینەوە ئەدەبییەکاندا سەرکەوتوو بووەو پەیوەندی لەگەڵ تیۆری ئەدەبیدا هەمیشە ناسەقامگیر بووە.)) (رضا، ٢٠٢٤، ١٤٦)، ئەم تیۆرییە تێڕوانینێکی تازەیە بۆ دەقی ئەدەبی و پەیوەستە بەڕەخنەکانی دوای بونیادگەریی و پۆستمۆدێرنیزمەوە.(( ئەگەر بە وردیی سەرنجی پێناسەکانی چەمکی میتۆدی ڕەخنەیی بدەین، دەبینین هەندێک لە پێناسەکان جگە لە جەختکردنەوەی ئەوەی، کە میتۆدی ڕەخنەیی کۆمەڵێ هەنگاو و کەرەستەیە ئاماژەش بۆ ئەوە کراوە کە میتۆدی ڕەخنەیی ڕوانین و جیهانبینیشە. ئەمەش لەو سۆنگەیەوە کە هەر میتۆدێکی ڕەخنەیی زادەی ژینگەیەکی ڕۆشنبیریی و قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوە وهەڵگری ئەوجۆرە تێڕوانینەیە، کە لەو قۆناغەدا هاتوتە ئاراوە وەک کاردانەوەیەکی کاریگەریی هۆکارە سیاسیی و زانستیی و کۆمەڵایەتییەکانی شوێنکاتی سەرهەڵدانی میتۆدەکە))(ڕەشید، ٢٠١٨: ١٢)، مێژووگەرایی نوێ جەخت لەگرنگی لیکۆڵینەوە لەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابوورییانە دەکاتەوە، کەبەرهەمە ئەدەبییەکانیان لەقاڵب داوە، هەروەها ئەو ڕێگایانەی، کە ئەو بەرهەمانە کاریگەرییان لەسەر کلتوور و سیاسەتی سەردەمی خۆیان هەبووە، هەربۆیە ئەدەب

بەرهەمی ئەو زەمینە مێژوویی و کلتورییەیە، کەتێیدا بەرهەم هاتووە.((مێژووگەرایی نوێ وەک شێوازێکی پراکتیکی ئەدەبی لەسەرەتای ١٩٨٠ کانەوە دەرکەوت. "ستیڤن گرینبلات" زاراوەی مێژووگەرایی نوێ لەپێشەکی ژمارەیەکی تایبەتی گۆڤاری ژانر، بەرگی١٥ لەساڵی ١٩٨٢ بڵاوکردەوە)) (veeser, 1993: 1). مێژووگەرایی نوێ بەدوورکەوتنەوە لەقوتابخانەکانی ڕەخنەی دەق سەنتەری، وەک ڕەخنەی نوێ لێکدانەوەی ئەدەبییاتی کردووە بۆ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و مێژووییەی، کەبەرهەمی هێنا. ((دەرکەوتنی مێژووگەرایی نوێ هاوکات بوو لەگەڵ گەشەکردنی ئەو ڕێبازەی، کە لەهەشتاکانی سەدەی بیستەمدا لە ئەمریکا و بەریتانیا باڵادەست بوو، کە بریتی بوو لە گرنگیدان بە مێژوو وسەرنجدان لەبارودۆخەکۆمەڵایەتیی، سیاسیی وکلتوورییەکانی هاوشانی بەرهەمهێنانی ئەدەبی، مێژووگەرایی نوێ هات تاکو ئەوەی پێشتر بە پەراوێز و دەرەوەی جیهانی دەق دادەنرا بگەڕێنیتەوە بۆ ناوەند، بەمەش ڕەتی کردەوە لەسەر تێزەکانی فۆرمالیزم و ڕەخنەی نوێ، کە ئەم ڕوانگەیان پەیڕەوکردبوو و بۆچەندین دەیە زاڵبوو بەسەر گۆڕەپانی ئەدەبیی و ڕەخنەیدا)) (رضا، ٢٠٢٤، ١٤٦). ئەتوانین بڵێین مێژوونوسانی نوێ شانبەشانی بەرهەمە کلتورییەکانی دیکەی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو سەیری ئەدەب دەکەن، بۆئەوەی پیشانی بدەن، کە هەڵوێست و ئایدۆلۆژیاکان تەنها ئەدەبی نییە، بەڵکو لە کلتورێکی فراوانتردا کاریانکردووە،((هەر لە بنەڕەتدا دەق بۆ مەبەستێک لەدایکدەبێت و ئەرکێکی تایبەتی بەسەردا دەدرێت، جا ئەو ئەرکەش بە پێی بارودۆخ وخواست و گۆڕانکارییەکان لە وەرچەرخانی بەردەوامدا دەبێت))(مەردان، ٢٠٢٤: ١٣٤٢)، هەر بۆیە بەپێی ئەم تیۆرە ڕەخنەییە مانای دەق جێگیر نییە، لەبەرمەبنای ئەمەشەوە هەوڵدەدەن دەقە هونەرییەکان هەم وەک بەرهەمی زەمینەیەکی مێژوویی و هەم وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لە مێژووی کلتوریی و فیکری دابنێن. لەبەرئەمە ئەم تیۆرە ڕەخنەییە بواری بەکارهێنانی بۆ لێکۆڵینەوە کلتورییەکان لەپاڵ ڕێبازەکانی شیکردنەوەی ڕەخنەی گوتار، بەیەکێک لە باوترین شێوازەکانی شیکردنەوەی دەق دادەنرێت. ئەم تیۆرە لەبنەڕەتدا بنەما تیۆرییەکانی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی پێش خۆی ئەخاتە ژێرپرسیارەوە، چونکە لەکۆنەوە سێبەری مێژوو بەجۆرێک بەسەر لێکۆڵینەوە ڕەخنەییە ئەدەبییەکانەوە هەبووە، بە گشتی وادەزانرا، کە دەقە ئەدەبییەکان تەنها بەگەڕانەوە بۆ لایەنی مێژووییان دەتوانرێت لێیان تێبگەین. (( زۆرێک لە مێژوونوسانی کلتوری هاوچەرخ دەبینن، کە ڕابردوو وەک وڵاتێکی بیانییە، خەڵکەکەی بەشێوەیەکی جیاواز لە ئێمە

ڕەفتاریان کردووە، چونکە تێگەیشتنیان بۆ جیهان جیاوازبووە لەهی ئێمە، کەواتە شیکردنەوەی ڕابردوو تەنها تێگەیشتنە لە ماهییەتی خۆی)) (فرید ، ٢٠١٦: ٣١٤).
کەواتە  مێژووگەرایی نوێ هاوشێوەی ڕوانگەی فۆرمالیستی دەق بەسەربەخۆ نازانێت، هەروەها دەقەکەش بەپێی ڕوانگەی مارکسیستی پەیوەست بەژێرخانی ئابوری کۆمەڵگا نازانێت، بەڵکو دەقەکە بەگوتارێک لە کارلێککردن  لەگەڵ گوتارەکانی دیکە دەزانێت، کە هەر کلتورێک لەبارەی ڕابردووی خۆیەوە دەیگێڕێتەوە.((مێژووگەرایی نوێ لەگەڵ بیرۆکەی پۆستمۆدێرن هاوتەریبە، چونکە ئەگەر بە ووردیی سەیری بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم میتودە لە ڕەخنەی ئەدەبی پێچەوانەی میتۆدی مێژوویی کۆن تەنیا بەدوای بەدەستهێنانی گێڕانەوەی ڕابردوودا نییە، بەڵکو بە ئاڕاستەکردنی سەرنجی خوێنەران بۆلای گوتاری لاوەکی و پەراوێز هەوڵدەدات بەشەکانی چەندین گێڕانەوە بزانێت)) (پاینده، ١٣٩٨: ٣٦٤)، لەبەرئەوەی بەرهەمی ئەدەبی بونیادێکی کۆمەڵایەتییەو پێکهاتەی هێزە کۆمەڵایەتیی وکلتوریی و ئایدۆلۆژیاکانە، کەواتە شتێک نیە بەناوی سروشتی مرۆڤایەتی، کە مێژوو تێپەڕێنێت چونکە مرۆڤی سەدەیەک پێش ئێستا بەشێوەیەکی هەڵنەهاتوو سەر بە قۆناغ و سەردەمی مێژووی خۆیەتی هەر بۆیە مێژوو زنجیرەیەک پچڕانە لەنێوان تەمەندا، بۆ تێگەیشتن لە مێژووش دەبێت لەگەڵ ئەدەبدا تێکەڵ بکرێت، ئەمەش دیدێکی تایبەت بە مێژوو دەبەخشێت. هەربۆیە ((گرینبلات دەستەواژەی مێژووگەرایی نوێی لە کاردانەوەیەک بەرامبەر بە ڕێبازی مێژووی کۆن و ڕێبازە دەق ئاڕاستە کراوەکانی وەک فۆرمالیزم و ڕەخنەی نوێ داهێنا، کە کەمتەرخەم بوون لە لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی ئەدەب. گرینبلات و هاوڕێکانی جەختیان لەسەر دیالۆگی نێوان ئەدەب و مێژوو دەکردەوەو لێکۆڵینەوەی مێژووییان لەسەر بنەمای مێژووگەرایی نوێ دەستپێکرد. لەم گواستنەوەیەدا مێژوو بوو بەدەق و وەکو کۆمەڵێک گوتار سەیردەکرا، لەئەنجامدا پەیوەندی نێوان دەقی ئەدەبیی و مێژوویی لە ڕوانگەیەکی نوێوە لەبەرچاوگیرا. لەم ڕوانگەیەشەوە بوو، کە مێژووگەرایی نوێ باوەڕی بە جیانەبوونەوەی مێژوو و دەقی ئەدەبی هەبوو)) (پریا ، آصغر، ١٤٠٠، ١١٥). لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەو ڕوانگەیەی، کە مێژووگەرایی نوێ بۆ ئەدەب هەیەتی بەکارهێنانی دەقەکەیە وەک بنەمایەک بۆ بنیاتنانەوەی ئایدۆلۆژیایەک، چونکە ئێمە لەرووی کاتەوە لەو زەمینە مێژووییە دوورکەوتوینەتەوە و هیچ ڕادەستگەیشتنێکی ڕاستەوخۆمان بە ڕابردووی تێپەڕیو نییە، لە ڕاستیدا ئەوەی لەبەردەستماندایە گێڕانەوەکانە لە رابردوو، نەک خودی ڕابردوو. هەروەک "لویس مۆنترۆس" یەکێک لە تیۆریستە سەرەکییەکانی

مێژووگەرایی نوێ ئاماژە بەمەدەکات و دەڵێت: ((ناتوانین ناسینێکی تەواو و متمانە پێکراو لە ڕابردوو بەدەستبهێنین، واتە ناتوانین ژیانی ماددیی کۆمەڵگایەک بەبێ نیشانە دەقییەکانی ئەو کۆمەڵگایە بناسین))(Montros, 1992: 410)، لەبەرمەبنای ئەمانەوە دەتوانین بڵێین، کە ڕاستی مێژوویی جێگیرنییە و بەپێی گوتارە جیاوازەکان دەگۆڕێت و گۆڕانکاری بەسەردادێت، چونکە لەهەر سەردەمێکدا گوتارێکی تایبەت زاڵە و ڕووداوە مێژووییەکانیش بە پێی ئەو گوتارانە دووبارە لێکدەدرێنەوە.

هەر مێژوویەک لەڕاستیدا لێکدانەوەی ڕابردووە نەک خودی ڕابردوو، چونکە ڕابردوو لەئێستادا تەنها بەشێوەی کۆمەڵێک دەق بوونی هەیە. لێرە و لەوێ بەر گوێمان کەوتووە و ئەوترێت، کە فڵانە مێژوونووس کەسێکی ڕاستگۆ و پابەندە بە ڕاستگۆیی و لەبەرهەمەکانیشیدا ناڕاستی نابینرێت، یاخود دەوترێت کە فیسار مێژوونووس لە کارەکەیدا جددییە و زۆر ماندووە، بەوپێیەی، کە دوای لێکۆڵینەوە لە دۆکیۆمێنت و بەڵگەکان دەستدەکات بە نووسینی کتێبی مێژوویی، لەڕوانگەی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێوە دەتوانرێت وەڵام بدرێتەوە بەوەی مێژوونووس وەک بکەرێک لە سنوری گوتارە بەردەستەکانی سەردەمی خۆیدا کاردەکات، هەربۆیە بازنەی ئەزموون و زانیاری هەر مێژوونوسیک سنوردارە و لەڕاستیدا چەمکەکانی وەک ڕاستگۆیی و ڕاستیی سروشتێکی گوتارییان هەیە و ڕەهایی بوونی نییە، بەپێی ئەم تیۆرە ڕەخنەییە لەکاری مێژوونوسی دا بابەتی سەرەکی نەدروستکردنەوەی ووردی ڕووداوەکانی ڕابردووە ونەجددییەت، چونکە هەر مێژوونووسێک تەنیا لە چوارچێوەی سیستەمی بەهاکانی خۆیدا دەتوانیت بیربکاتەوە و بنوسێت. دەکرێت بگوترێت، کە ڕابردوو وەک دەقێک وایە، مێژوونووس بە کردەی نووسینەکەی دەیخوێنێتەوە، وەکو هەر خوێنەریک، کە لە نێوان ئەو و ئەو دەقەی دەیخوێنێتەوە جۆرێک لە ئاوێتەبوون و کارلێک ڕوودەدات. مێژووگەرایی نوێ پێی وایە، کە (( دەقی ئەدەبی لە نێو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و گوتارە جیاوازەکاندا جێگیرکراوە، کە پێکەوە کلتووری گشتی کات و شوێنێکی دیاریکراو پێکدەهێنن و دەقی ئەدەبی وەک بەرهەم و بەرهەمهێنەری وزەو کۆدە کلتورییەکان کارلێک دەکات، مێژووگەرا نوێکان لە جیاتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقێک بە دابڕاویی لە پێگە مێژووییەکەی، گرنگی زیاتر بە پێگەی مێژوویی و کلتووریی دەقە ئەدەبییەکە دەدەن)) (Lyu, 2021: 1075) هەربۆیە مێژووگەرایی نوێ ئەدەبیاتی وەک ڕەنگدانەوەی جیهانبینی سەردەمێک بینیوە، چونکە لەڕوانگەی ئەم میتۆدە ڕەخنەییەوە مێژوو چیتر پاشخانی ئەدەبییات نییە، لەبەرئەوەی دەقەئەدەبییەکان نەک تەنها

نوێنەرایەتی ئەنجامی گفتوگۆیەکی کلتووریی لەسەردەمێکی مێژوویدا دەکەن بەڵکو بەشداریش لەو گفتوگۆیەدا دەکەن و کاریگەرن لەگۆڕانکارییە کلتورییەکاندا و بەشێکن لەو بەڵگەنامانەی، کە مێژوو پێکدەهێنن، چونکە مێژوو هەمیشە پەیوەندی بەگێڕانەوەی چیرۆکێکەوە هەیە دەربارەی ڕابردوو.

((مێژووگەرایی نوێ ئامانجی تێگەیشتنە لەکار یان کاریگەری ئەدەبی لەچوارچێوەی مێژوویی خۆیدا بەبایەخدان بە مێژووی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، هەروەها کراوەیی بەڕووی مێژووی بیروبۆچوونەکاندا، لێرەوە  مێژووگەرایی نوێ بەچەمکی مێژوو و مێژوویی و گەشەسەندنی ڕۆشنبیرییەوە بەستراوەتەوە، جگە لە خوێندنەوەی دەق و گوتارە مێژووییەکان لەژێر ڕۆشنایی ڕێبازێکی مێژوویی نوێدا، کەخەمی بەدواداچوونە بۆدۆزینەوەی سیستەمە شاراوەکان و ڕەخنەگرتن لەدامەزراوە سیاسییە باڵادەستەکان و هەڵوەشاندنەوەی گوتەزا دەسەڵاتدار و باوەکان)) (بەرزنجی، ٢٠٢٥ : ٦٣)، کەواتە مێژووگەرا نوێکان مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و کەسایەتییە پەراوێزخراوەکان دەکەن وەک لە کەسایەتییە سەرەکیی و باڵادەستەکان. زیاتریش تەرکیز دەکەنە سەرلێکۆڵینەوە لەپرۆسەی دروستبوونی ئایدۆلۆژیا و مێژووی دروستبوونی دەقەکە لەپێناو ئەدەبدا لێکنادەنەوە بەڵکو قۆناغێکی  مێژوویی وەک بەشێک لە کلتووری پەراوێزخراو دێننە بەرباس و لە گوتارە جۆربەجۆرەکانی ناوی دەکۆڵنەوە، کە لە قۆناغێکی مێژووییەوە بۆ ئێمە ماونەتەوە. ئەم تیۆرە ڕەخنەییە نوێیە (( بە بەردەوامی بایەخ بە ئەزموون کێشەی ئەو گروپانە دەدات، کە مێژووگەرایی کۆن بایەخی پێنەدەدان بەڵام مێژووگەرایی نوێ بەدوای پەراوێزخراوانی چین و گروپی خوارەوەدا دەگەڕێت، بۆنمونە "کرێکاران، بەندکراوان، داگیرکراوان، شێتان، مندالان...." )) (بەرزنجی، ٢٠٢٣ : ٤) .

ئەم تیۆرییە گرنگی بە لایەنی هونەریی دەق نادات و پێیوایە، کە هەموو دەقێک بەشێکە لە کلتوور و دەکرێت لێی بکۆڵرێتەوە بۆیە زیاتر پشت بە واتای دەق وگوتارە جیاوازەکان دەبەستێت نەک هونەرییبوونی دەق چونکە مێژووگەرایی نوێ ((خوێندنەوەی جیاوازی دەق و سیاقی دەقە و پێیوایە ئەم دووانە گرێدراوی یەکن چونکە لەناو دەقدا گوتارەکان پێکەوە کاردەکەن و جیاوازنین. گوتاری کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و مێژوویی ...... ئەمانە سیاقی دەق پێکدەهینن و ئاوێتەی یەکدی دەبن)).(رهادوست، ١٣٨١ : ٣). هەربۆیە ئەم تیۆرییە دەیەوێت  لەڕێی زانیارییە شاراوەکانی ناو ئەدەبەوە لەناو کایەکانی دەسەڵاتی ئابوریی و سیاسیدا جارێکی دیکە پێداچوونەوە بەمێژوودا بکەینەوە، چونکە ((خوێنەرانیش هەروەک نوسەران لەژێر



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

کاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و گوتارەکانی سەردەمی خۆیاندان ئەمەش لەکاتی لێکدانەوەی دەقدا کاریگەری دەکاتە سەرپرۆسەکە هەربۆیە مێژووی لێکدانەوەش وەک مێژووی سەردەمی نوسین گرنگە))(داد، ١١٣:١٣٩٠)

مێژوو هەر نوسراوێکی بێلایەن و ئەو ڕووداوانە نییە، کە لەڕابردوودا چۆن ڕوویدابێت هەر بەوشێوەیە لیکدانەوەی بۆبکرێت چونکە ((ڕاستیی مێژوویی جێگیر نییە و بەهۆی گوتارە جیاوازەکانەوە دەگۆڕێت، بۆیە ناتوانین ئەو ڕاستییە تەنیا یەکجارو بۆ هەمیشە دیاریبکەین، ئەوەی لەقۆناغێکدا پێی دەوترێت ڕاستیی مێژویی ڕەنگە لە قۆناغیکی دیکە وبارودۆخێکی جیاوازتردا ڕاستی نەبێت، چونکە لە هەر سەردەمێکدا گوتارێکی زاڵ هەیە و ڕووداوەکانی مێژووش لەسەر بنەمای ئەو لێکدەدرێتەوە.)) (پاینده، ١٣٩٧ : ٣٨٦) .

لێرەدا دەتوانین بڵێین، کە ئەم تێڕوانینە نوێیە بۆ ئەدەب لەهۆکاری ڕووداوەکان دەکۆڵێتەوە، واتە مێژوویەکە بۆ ئەو چیرۆکانەی، کەمێژوو دەیانڵێت. لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیشدا پێیوایە هەر ڕووداوێکی مێژوویی چیرۆکێکە و پێویستە لیکدانەوەی بۆ بکرێت، چونکە، ((هەرچەندە ئەدەب بەرهەمی خەیاڵە، بەڵام واقیع تێیدا ڕنگدەداتەوە، وەک چۆن شتەکان لە ئاوێنەدا دەردەکەون، ئەدەب وێنەکێشانی بارودۆخ و کەتوارە بە فۆرمی خۆی))(سلێمان، ٢٠٢٥: ٥٨٦)، بەمجۆرە دەبینین، کە پەیوەندییەکی تۆکمە و بەهێز لەنێوان ئەم ڕەخنەیە و لیکدانەوەی مێژوودا هەیە و دەبێت هەمیشە لەبەرچاو بگیرێت. بەم پێیە مێژووگەرا نوێکان لەپلەی یەکەمدا گرنگی بە بارودۆخە مێژوویی و کلتوورییەکانی بەرهەمهینانی دەق، واتاکانی، کاریگەرییەکانی، هەروەها لیکدانەوە ڕەخنەییەکان و هەڵسەنگاندنەکانی دەدەن لەجیاتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا بە دابڕاو لە پێگە مێژووییەکەی.

## ٢/٢) جیاوازی نێوان ڕەخنەی مێژوویی کۆن و ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ .

لە ڕەخنەدا بنەمایەک، یان سێگۆشەیەکی ڕەخنەییمان هەیە(نوسەر، دەق، خوێنەر)، کە بەدرێژایی مێژووی ڕەخنە و ئەو میتۆدە ڕەخنەییانەی هاتوونەتە ئاراوە لەهەر قۆناغێکدا بایەخیان بەیەکێک لەم لایەنە گرنگانەی ئەو سێگۆشەیە داوە. لەقۆناغی یەکەمی ڕەخنەدا بایەخ بەنوسەری دەق دراوە و لەڕوانگەی نوسەرەوە لێکدانەوە بۆ دەقە ئەدەبییەکان کراوە، کەقۆناغی ڕەخنەی سەرەتا ومیتۆدەکانی ڕەخنەی مێژوویی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی و ڕەخنەی دەروونی دەگرێتەوە، ڕەخنەی مێژوویی کۆن،


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

لەڕوانگەی مێژووی دەقەوە دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی نوسەر و ئەو بارودۆخە مێژووییەی، کە دەقەکەی تێدا نوسراوە، لەو ڕوانگەیەوە قسە لەسەر دەقە ئەدەبییەکان دەکات. دواتر لە میتۆدەکانی ڕەخنەی نوێوە تا بونیادگەریی و سیمۆلۆژییەکان ئەم گرنگیدانە بۆ دەق گواسترایەوە و پاشانیش لە میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەراییەوە بۆ میتۆدەکانی وەرگرتن خوێنەر دەبێتە ناوەندی کارە ڕەخنەییەکە. بەپێی میتۆدی مێژوویی کۆن(( نوسەر کوڕی ژینگە و سەردەمی خۆیەتی، هەر گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی.. کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەو بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی لای نوسەر هەیە)) (مەنتک، ٢٠١٨: ٦٠). بەڵام مێژوونووسە نوێیەکان بەچاوێکی مێژووییەوە دەق شیناکەنەوە، ئەمان گریمانەکانیان لەبارەی ئەدەبەوە لەسەر پەیوەندی نێوان دەقەکان و کۆنتێکستە مێژووییەکانیان دادەنێن و ئامانجی تێگەیشتنە لە ڕێگەی چوارچێوە کلتوورییەکەیەوە. چونکە پێیانوایە بەرهەمی ئەدەبی ئەو شتەیە، کە کلتوورێک بەرهەمی دەهێنێت و هەمیش ئەوەیە، کە ئایدۆلۆژیا بەرهەم دەهێنێتەوە، بۆ مێژوونووسە نوێیەکان ئەوە ئایدۆلۆژیایە نەک مێژوو کە پێشوەختە، چونکە دەقی ئەدەبی بەشێکی پێکهێنەری ئایدۆلۆژیای کلتوورێکە. بەپێی میتۆدی مێژوویی کۆن ((مێژوونووسی ئەدەبی بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ ئەدەب و تێکستی ئەدەبی و هونەرەکانی ئەدەبدا دەکات تا هەلومەرجەکانی قۆناغێکی دیاریکراو دەربخات وبارودۆخی مێژوویی ئەو سەردەمە ببەستێتەوە بە جۆر و چەشن و ژانری ئەدەبیی لەتەک پیشاندانی ئەو بابەت و ناوەڕۆکەی ئەدەب، کە لە سەردەمێکی جیاوازدا پێشکەشی کردووە)) (ئەسوەد، ٢٠١٥: ٣٨٢)، بەڵام مێژووگەرایی نوێ پێی وایە ئەدەب و مێژوو هەردوکیان کاریگەرییان لەسەریەکتر هەیە، بەپێچەوانەی میتۆدی مێژووی کۆن، کەباس لە کاریگەری یەکلایەنەی مێژوو لەسەر ئەدەب دەکات. ((مێژوو تەنها لە ڕوانگەی زیهنییەوە نانووسرێت، بەڵکو بەهەمانشێوە دەتوانرێت لە ڕوانگەی زیهنیشەوە بخوێنرێتەوە و لێکدانەوەی بۆ بکرێت، مێژووی کۆن بەسادەیی وای بۆ دەچوون، کە پۆلێکی تۆکمە هەیە پێی دەوترێت "مێژوو"، کە مێژوونووسان وەسف و باسیاندەکەن و ئێمەش بە خوێندنەوەیان بە نووسینەکانیان ئاشنادەبین. مانای مێژووی تۆکمە ئەوەیە، کە هەموو ڕووداوێکی مێژوویی بە هەمانشێوە تۆمار دەکرێت و هەمووان یەک تێڕوانینیان بۆی هەیە. بەڵام مێژووگەرایی نوێ مێژوو لە پۆلێنە تۆکمەو جێگیرەکەیەوە بۆ پۆلێنێکی زیهنیی نەرم و گۆڕاو، دەگۆڕێت. بە پێی تێڕوانینی ئاڵۆزی مێژوونووسانی مۆدێرن، ئەو مێژووەی کە مێژوونووسان لە کتێبەکانیاندا دەینووسن، تۆمارێکی بابەتیی

و بێلایەن نییە لە ڕووداوەکان، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، بەڵکو لێکدانەوەی گوتارانەیە بۆ ئەو ڕووداوانە. هەر مێژوونووسێک بەپێی دەقە بەردەستەکان و بەپێی ئەو ڕەچاوکردنانەی کە بە گرنگیان دەزانێت، بە شێوەیەکی جیاواز لە مێژوونووسانی دیکە مێژوو دەگێڕێتەوە. پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە، کە هەموو مێژوویەک لە ڕاستیدا لێکدانەوەی ڕابردووە نەک خودی ڕابردوو.)) (پاینده، ١٤٠١ : ٣٦٥) لەم ڕوانگەیەوە مێژووگەرایی مۆدێرن بەدوای ئەوەوەیە، کە ڕاستییە مێژووییەکان بە شێوەیەک ئەگەرچی ڕێژەییش بێت زیندوویانبکاتەوە و پەیوەندییە شاراوەکانی دەسەڵات پیشانبدات.((ئەگەر مێژووگەرایی کۆن خوێندنەوەیەکی زاتیی و ئایدۆلۆژیای ڕووداوە مێژووییەکان بێت، خوێندنەوەیەکی بیلایەنانە نەبووبێت و ڕوانگەیەکی کەسییانە بووبێت لە خزمەت ئایدۆلۆژیای زاڵدا، کە کار بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ناڕاست، باڵادەستکردنی سپییێستی، پەراوێزخستنی ڕەشپێستەکان، ستایشکردنی دامەزراوە ڕۆشنبیریی و سیاسییە دەسەڵاتدارەکان و بایەخدان بە قارەمانێتی تاکی کارەکتەرە کاریزماتیک و ئەفسانەئاسابێت، لەچوارچێوەی کۆمەڵێک گێڕانەوە و گوتاری گێڕانەوەدا، ئەوا مێژووگەرایی نوێ تا ڕادەیەک خوێندنەوەیەکی زانستی بابەتییە، کە میکانیزمی میتۆدۆلۆژی خۆی لە مێژوو، سیاسەت.....لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە لە سیستەمی مێژوویی و ڕۆشنبیرییە شاراوەکان دەکات بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوە و ئاشکراکردنی گوتاری دامودەزگاکانی دەسەڵاتدار و ناوەندە باڵادەستەکان)) (بەرزنجی، ٢٠٢٥: ٦٧)، میتۆدی مێژوویی کۆن پێیوایە بۆ تێگەیشتن لەمێژوو دەبێت سەیری کتێبە مێژووییەکان بکەیت و ئەگەر بتەوێ لە مێژوو تێبگەیت پێویستە کتێبی مێژوویی بخوێنیتەوە، بەڵام مێژووگەرایی نوێ بە پێچەوانەوە، چونکە پێیوایە، کە کتێبە مێژووییەکان لەلایەن دەسەڵاتدارە زاڵەکانەوە نوسراونەتەوە جا بۆیە بە مەیلی خۆیان چییان ویستووە ئەوەیان نوسیووە و چییان نەویستبێت سڕیویانەتەوە، کەواتە لە مێژووگەرایی نوێدا ئەگەر بتەوێت مێژوو بە دروستی ساغ بکەیتەوە، یان لە مێژوو بەتەواویی بگەیت، ئەبێت کەمتر گرنگی بە کتێبە مێژووییەکان بدەیت، چونکە پێیوایە باشترین چارەسەر ئەوەیە، کە ئەدەب و هونەری ئەو سەردەمە بخوێندرێتەوە لەبەرئەوەی مێژووی ڕاستەقینە و دروست لەناو ئەدەب و هونەردا نوێنراوەتەوە، چونکە مێژووگەرایی نوێ پێیوایە، کە کتێبە مێژووییەکان بە ڕواڵەت و لە ڕوکەشدا ڕاستیین، بەڵام لێوانلێون لە درۆ و لایەنگرییان پێوەدیارە و دیدگا و زەینیی تاکەکەسی زۆری تیایە. ئەگەرچی ئەدەب و هونەر خەیاڵین، بەڵام پڕن لە ڕاستیی. هەربۆیە

مێژووگەرایی نوێ گرنگی دەدات بە ئەدەب و هونەر و لەڕێی خوێندنەوەیانەوە ئەیەوێت بەشێک لە مێژوو ساغ بکاتەوە. ڕەخنە جگە لەوەی دەتوانێت دیوارە تاریک و مانا شاردراوە و نهێنییەکانی دەق بدۆزێتەوە، دەشتوانێت لەهەمان کاتدا مانای مێژوویی دیاردە ئەدەبییەکان دەستنیشان بکات، چونکە نەبوونی ڕەخنە کێشە بۆ تێگەیشتن لە مێژووی ئەدەب دروست دەکات. لەبەرئەوەی نووسەران لە ئەدەبی خۆیاندا ڕۆحی سەردەمی خۆیان و تێڕوانینی فەلسەفی و سیاسیی خۆیان دەخەنەڕوو. دونیای ئەدەبیات دونیایەکی تێکەڵە لە فەنتازیا و ڕووداوی مێژوویی، لەخەیاڵ و واقیع. ئەوە هێزی ڕەخنەیە لەسەر دەرخستنی گوتارە شاراوەکانی ناو دەق و ئاشکراکردنی چۆنێتی ئەو زمانە سیاسیی وفەلسەفییەی دەق قسەی پێدەکات، واتە لەڕێی ئەم ڕەخنەیەوە تیشک دەخرێتە سەر ئەو دونیابینییە شاردراوەیەی لەپشت ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان و دیالۆگەکانەوە هەیە. هەر لەبەرئەمەیە، کە ((ئەدەبیاتی مێژووگەرایی نوێ باوەڕی بە گێڕانەوە مێژووییە فەرمییەکان نییە، کە بەشێوەیەکی زنجیرەیی دێن، ئەمان باوەڕیان بە بوونی زۆر کونوکەلەبەری مێژووە فەرمییەکان هەیە، کە تیایاندا دەستە و گروپ و چین پەراوێز دەخرێن و چین و دەستەی تر لە جێگەیاندا زاڵ دەبن)) (بەرزنجی، بەرزنجی، ٢٠٢٤: ٤٩٣) لێرەدا ئەوە کاری ڕەخنەیە لەو دیو ئەو زمانە میتافۆرییەوە ڕوانینە سیاسیی و مێژووییەکان بخاتە بەردەمی خوێنەران، هەر دەقێک بە جۆرێک لە جۆرەکان زۆر ئاماژەی نهێنی تێدایە، کە بە خوێندنەوەی سادە ئاشکرا نابن و درکیان پێناکرێت. مێژووگەرایی نوێ هەوڵ دەدات کەسایەتیی و ڕووداوە مێژووییە پەراوێزخراوەکان دەربخات و گرنگی بەو گوتارانە نادات، کە لای زۆربەی خەڵکی باوە، بەڵکو ڕووی دووەم و پەراوێزخراوی هەمان کەسایەتیی و ڕووداو پیشان دەدات بەمەش ئەو سەنتەر بوونە تێکدەشکێنێت کە گوتاری سەردەمە.

ئەگەر بمانەوێت نمونەیەکی زۆر کورت باس بکەین لێرەدا دەتوانین پەنجە بخەینە سەر داگیرکردنی شاری سلێمانی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەکانەوە. تەواو دیارە، کە ئەمە ڕووداوێکە بەڵام هیچ کتێبێکی مێژوویی تورکی یان دەسەڵاتی عوسمانی وەکو داگیرکردن ناوی نابات چونکە پێیوایە لە هەموو ڕوویەکەوە شاری سلێمانی بەشێکە لە ئەو، لە ڕووی خاک ومەزهەب و جەماوەرەوە هی خۆیەتی بۆیە ئەو ناوی نانێت داگیرکاریی، کەواتە گەر سەرچاوە مێژووییەکان تەماشا بکەین شتێکی ئەوتۆمان دەستناکەوێت، کەچی بۆ زیندوکردنەوەی مێژووی دروستی ئەوە لەشاری سلێمانی ئێمە ئەتوانین بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو ماوەیە

بخوێنینەوە، بۆ نمونە چامەکەی "نالی و سالم" کە بۆ یەکیان ناردووە، ئەگەر بە ووردیی خوێندنەوەی بۆ بکەین دەبینین بەڵێ شاری سلێمانی داگیرکراوە و دۆخی خەڵکەکە تێکچووە و ئابوری نوشستی هێناوە، تەنانەت لە شوێنێکدا "سالم" دەڵێت :

لەوساوە حاکمانی بەبە(بابان) دەربەدەرکران

نەیدیوە کەس لە دیدەی کەس جەوهەری هونەر

ئەگەر بمانەوێت لەڕووی مێژووییەوە بە دروستی بزانین لەو فەترە مێژووییەدا لە شاری سلێمانی چی ڕوویداوە، گەر سەرچاوە مێژووییەکانی ئەو فەترەیە تەماشا بکەین ئەوا شتێکی ئەوتۆمان دەستناکەوێت. بەڵام گەر بەپێی مێژووگەرایی نوێ تەماشای بەرهەمی ئەدەبی ئەو فەترەیەی شاری سلێمانی بکەین ڕاستیی مێژوویی ئەو ماوەیەمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە لەڕێی بەرهەمی ئەدەبییەوە مێژوو ساغ کراوەتەوە.

٣/٢) پەیوەندی نێوان ئەدەب و مێژوو لەڕوانگەی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێوە.

بەو پێیەی مێژوو بە فۆرمی پاکی خۆیەوە ناگاتە ئێمە و هەمیشە ڕووبەڕووی گۆڕانکاریی دەبێتەوە کە بەهۆی بنەچەی جیاواز و گێڕەرەوەی جیاوازەوە دروست دەبێت، بەمەش دەرکەوتەی نوێ وەردەرگرن. لە ڕاستیدا مێژوو جۆرێکە لە وەسفکردنی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو. کەواتە مێژوو جۆرێکە لە گێڕانەوە، کە تێیدا چەندین گێڕەرەوە هەوڵدەدەن ڕووداوە میژووییەکان لە شێوەی گێڕانەوەیەکدا بگێڕنەوە، خودی گێڕانەوەش لایەنێکی پێشکەوتووی بواری ئەدەبییە واتە کاری هەردوکیان گێڕانەوەی چیرۆکە. مێژوو و ئەدەب لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیدان و لێکۆڵینەوە لە بەرهەمە ئەدەبیی و ڕەخنەییەکان پێشکەوتنی هاوکات لەم دوو دیاردەدا نیشان دەدات. دەقەکان سەرچاوەی زۆر گرنگ و هەندێک جاریش تاکە سەرچاوەن بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ئەدەبی. ئەوە تەنیا مێژوو نییە کە دەتوانرێت بۆ مانای دەقە ئەدەبییەکان یارمەتیدەربن و لێیانتێبگەین؛ ڕەخنەی ئەدەبیش بە چەمک و میتۆدۆلۆژیاکانیەوە یارمەتیدەرن بۆ باشتر تێگەیشتن لە مێژوو. چونکە وەک چۆن مێژوو لەسەر ئەدەب دەدرەوشێتەوە، بە هەمانشێوە ئەدەبیش لەسەر مێژوو دەدرەوشێتەوە.((بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئەدەب و مێژوو پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، هەردوکیان دوو کەناڵی جیاوازن، ئەدەب چاوخشاندنێکە بە ئازادی مرۆڤ لە چوارچێوەی مێژوو و مێژوو هەوڵی سەربەخۆیی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی جیهان بە بەکارهێنانی ئاوەز و بەدواگەڕانی ئەو شتانەی بۆ مێژوو دیارنین دەدات، ئەدەب جوانیی و نەرمیی و عاتیفە و سۆزداریی و دڵنازکیی تێدایە، بە پێچەوانەی

مێژوو، کە بڕیار دەدات و دادوەرە)).(مەموزینی، ٢٠٠١، ١١٧)،نەبوونی پەیوەندی لە نێوان ئەدەب و مێژوو تەنیا کەلێنێک لە تێگەیشتنی ئێستادا دروست ناکات، بەڵکو کەلێنێک لە تێگەیشتنی تەواویی مێژوودا دروست دەکات چونکە پەیوەندی ئەدەب بە کایەکانی دیکەی وەک فەلسەفە، مێژوو، کۆمەڵناسیی و کۆمەڵێک لقە زانستی دیکەوە ئاسۆی بینینی ڕەخنەگران فراوانتر دەکەن، لەبەرئەوەی ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی بنەڕەتیی و سەرەکییە لە کاری ڕەخنەدا، بە بێ ئەو پەیوەندییە ئەستەمە ڕەخنەگر بزانێت لەناو تێکستە جیاوازەکاندا بەدوای چیدا دەگەڕێت. هەر لەبەرئەمەیە، کە مێژووگەرایی نوێ باوەڕی بە کاریگەری هاوبەشی ئەدەب و مێژوو لەسەر یەکتر هەیە. دەتوانین بڵێین، کە ئاستی جیاوازی لە نێوان مێژوو لەگەڵ ژانرێکی ئەدەبیی وەکو ڕۆماندا خۆی لە پێگەی زەمەنی ڕووداوەکاندا دەبینێتەوە، یاخود لەنێوان زەمەنی گێڕانەوە و زەمەنی ڕووداودا، ئەگەرنا مێژوو بەشێکی هەرە گرنگی ڕۆمانە. چونکە چیرۆک و ڕۆمان بابەتی ڕووداوە سۆسیۆلۆژیی و دیاردە سایکۆلۆژیی و فیکریی و سیاسییەکانە، کە لە بنەڕەتدا بابەتێکی مێژووییین، بە پێچەوانەشەوە ڕووداوە مێژووییەکان دەبنە بابەتێکی هەرە بەنرخی مێژوو، کە نوسەران و مێژوونووسان وەک سەرچاوەی زانیاری کاری لەسەر دەکەن. لەگەڵ ئەمانەشدا چیرۆک و ڕۆمان دەبنە بونیادێکی بەڵگەیی بۆ ئەو ڕووداوانەی، کە لە زەمەنی ڕابردوو و ئێستا ڕوویانداوە. ((ڕۆمانە مێژووییەکان لە بنەڕەتدا ڕووداوێکی مێژووییین، دواتر کاریگەری لەسەر زەمەنی ئێستا دروست دەکات و تاکەکانیش وەکو پێویست پشتی پێدەبەستن)) (دراج، ٢٠٠٤: ٢٢١). کەواتە لەم ڕوانگەیەوە مێژوو واتای لێکدانەوەی ئەمڕۆیە بۆ ئەو ڕووداوانەی، کە لە ڕابردوودا ڕویانداوە و گێڕانەوەی مێژووش بریتییە لە چیرۆکێک، کە لەسەر بنەمای زمان دامەزراوە.((هەروەک چۆن نیگارکێشێک لەڕێگەی بەکارهێنانی فڵچە و ڕەنگی جۆربەجۆرەوە تابلۆی هونەریی و سەرنجڕاکێش دەخوڵقێنێت))(عەبدوڵا، حمەفرج، ٢٠١٩: ٥٥)، نوسەری ئەدەبیش دەتوانێت لەڕێگەی بەکارهێنانی زمان و یاریکردن بە وشەکانی زمان وێنای ڕووداوەکان بکاتەوە، بۆچوونی مێژووگەرایی نوێ سەبارەت بە زمان و زمانی دەق جیاوازترە لای ئەوان((زمان تەنیا وشە و تێگەیشتن و هونەر نییە، زمان لای ئەوان بریتییە لە گوتار، نوسین، ئەدەب، بەرزو نزمییە کۆمەڵایەتییەکان و هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، کە بەهۆیەوە کەسێک ئامانج و مەبەستی خۆی بە کۆمەڵ و گروپەکانی تر دەگەیەنێت، کە ئەم زمانە مێژووش لەخۆ دەگرێت و تیایدا دەسەڵات و پەیوەندییەکانی لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دەگوازێتەوە))(برسلر،١٣٩٦: ٢٥٣). لەبەرئەوە بەهۆی زانیاریی شاراوەی ناو ئەدەبەوە، ناچارین جارێکی تر پێداچوونەوە بە مێژوودا بکەینەوە، مێژووگەرایی نوێ پەیوەندی

نێوان دەقی ئەدەبیی و مێژوویی لە ڕوانگەیەکی نوێوە لەبەرچاو دەگرێت بەشێوەیەک ئەو پەیوەندییە لێکدەداتەوە، کە ئەدەب و مێژوو خشت بە خشت بینایەکی کلتووریی دروست دەکەن و بەشێکن لە کلتوور. ئەم میتۆدە ئامانجی ئەوەیە، کە لە خوێندنەوەیەکی وورد دا پێداچوونەوە بە گواستنەوەی ڕابردوو بۆ ئاسۆی ماناکانی ئێستا بکات؛ وەرگرتنی هەرچییەک لە ڕابردوودا مابێتەوە لە شێوەی بەڵگەنامەیەکدا وەک دیاردەیەکی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ کایەی گوتاری مێژوو، کە لێکدانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت. لە کاتی شیکردنەوەی گوتاری قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویدا لە پێکهاتە و دامەزراوە کلتورییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو قۆناغە دەگەین، کەواتە بۆئەوەی تێگەیشتنیکی دروست لە بەرهەمە ئەدەبییەکان بەدەستبهێنین پێویستە گرنگی بەوگوتارانە بدرێت،کە تێیدا دەرکەوتوون. بۆیە بە شیکاری مێژوویی دەتوانرێت ڕەهەندە جیاوازەکانی بەرهەمی ئەدەبی شیبکرێنەوە، چونکە مێژووگەرایی نوێ هەوڵ دەدات دەقە هونەرییەکان هەم وەک بەرهەمی زەمینەیەکی مێژوویی و هەم وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لە مێژووی کلتووریی و فیکریی دابنێن چونکە مەیلی ئەوەی هەیە، کە سەرنجی لەسەر قۆناغە مێژووییەکان و پەیوەندییەکانیان بە تێگەیشتن لە ئەدەبدا بێت. بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین، کە خستنە ڕووی وێنەیەکی گشتی بەرهەمێکی ئەدەبی یان هەندێک قۆناغی مێژوو ڕێک ئەو چیرۆکە گەورەیەیە، کە مێژووگەرایی نوێ بە پلەی یەکەم گرنگی پێدەدات. لەڕوانگەی مێژووگەرایی نوێوە ئەدەب تەنیا ڕەنگدانەوەی مێژوو نییە بەو واتایەی(( پەیوەندی نێوان ئەدەب و مێژوو ڕەنگدانەوەی نییە، بەڵکو دیالێکتیکییە ئەو دووانە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە و مێژوو سروشتیکی دەقیی هەیە و لە گێڕانەوەیەک زیاتر نییە، کەواتە مێژوو و ئەدەب هەمان سروشتییان هەیە)) (پایندە، ٢٠١٨، ٣٩١)، سەبارەت بە ئەدەبیش پێیانوایە(( ئەدەب هەم مێژوو ڕەنگ پێدەداتەوە، هەم لە قاڵبیشی دەدات))(سەرچاوەی پێشوو: ٤٠٢) بە بڕوای مێژوونوسانی نوێ مێژوو چەندین گوتاری شاراوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، کە پێویستە لێکۆڵەری ئەدەب بچێتە سەر ئەو گوتارە بێدەنگ و پشتگوێخراوانە، ئەمەش بەو مانایەیە، کە لە هەر قۆناغێکدا گوتارێک باڵادەستە و گوتارێکی دیکە شکستی پێدەهێنرێت، کاری ڕەخنەگری ئەدەبیش لێرەدا دۆزینەوەی گوتارە شکستخواردووەکانە.(( لەنێوان مرۆڤی ئێستاو مێژووی دووریدا، مێژووییەک جگە لە فراوانیی زەمینەکەی ئەبێتە ڕووبەڕێکیش بۆ دووبارە داڕشتنەوە و کارتێکردنەوەی ئەدەبییانە))(ڕەزا، ٢٠٠٨: ١٩٠). بەمشێوەیە تەنیا مێژوو نییە، کە هەوڵی تێگەیشتن لە ئەدەب دەدات، بەڵکو دەقە ئەدەبییەکانیش گوتارگەلێک لەخۆ دەگرن، کە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر مێژوو هەبێت. کەواتە پەیوەندی نێوان ئەدەب و مێژوو


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

پەیوەندییەکی ئاوێتەییە و دەتوانرێت لە ژێر ڕۆشنایی ئەدەبدا لە مێژوو تێبگەین. بۆیە مێژوونووسە نوێیەکان بە چاوی مێژووەوە دەق شیدەکەنەوە و گریمانەکانیان بۆ ئەدەب لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان دەقەکان وکۆنتێکستە مێژووییەکانیان دانا. ((مێژووگەرایی نوێ یەکسانی دەکات لەنێوان دەقە ئەدەبییەکان و بەڵگەنامە ومێژوو و یاساکان و هاوشێوەکانیان، بەمەش هیچ گرنگی نادات بە تایبەتمەندیی جوانیناسیی دەقە ئەدەبییەکان)) (ماکدونالد، زیاد، ٢٠٢٤: ١٣٥).

**٣) پراکتیزەکردنی ڕەخنەی مێژووگەرایی نوێ لە ڕۆمانی"نیشتیمانی سارا"ی "میران ئەبراهام" دا**

**١/٣) بەستنەوەی دەق بەچوارچێوەی مێژوویی و کلتورییەوە .**

ئەم ڕۆمانە لەناو خۆیدا چەندین گوتاری شاراوەی هەڵگرتووە، کە لەگەڵ هونەریبوونی دەقەکەدا خەسڵەتی مێژووییان پێوە دیارە و قۆناغێکی دیاریکراومان لە مێژووی شاری سلێمانی بۆ دەگێڕێتەوە. لەکۆنەوە پەیوەندییەکی ناجێگیر لە نێوان ئەدەب و مێژوودا هەبووە و هەمیشە بۆ درێژەدان بەخۆی ئەدەب پشتی بە مێژوو بەستووە، بە تایبەتیش ڕۆمان، زۆربەی ئەو دەقانەی دەکرێنە ڕۆمان ڕووداوە مێژووییەکانن. هەریەکە لە ڕۆمان و مێژوو لەوەدا هاوبەشن کە پەیوەندییان بە هونەری گێڕانەوەوە هەیە و ڕوداوێک یان زنجیرە ڕووداوێک دەگوازنەوە، بەڵام ڕووداوە مێژووییەکان بەبێ گۆڕانکاریی ودەستکاریکردن ناگەنە دەست نوسەر. لەو جیاوازییە تێدەگەین سەبارەت بە پەیوەندی نێوان رۆمان و مێژوو کە ئایا چی جیاوازییەک هەیە لە خوێندنەوەی کتێبێکی مێژوویی کە باسی سەردەم و قۆناغێک بکات، لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانێک، کە باسی هەمان قۆناغ و سەردەم بکات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا "نەجیب مەحفوز" ڕۆماننوسی ناوداری عەرەب دەڵێت: (( پەیوەندی نووسینی ڕۆمان و مێژوو جۆراوجۆرە، نوسەر هەیە لەبارەی مێژووی ڕۆمان دەنوسێت بۆئەوەی خەڵک بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سەردەمەی بەسەرچووە، یان ئەو کەسایەتییەی پێشتر ژیاوە، لەم حاڵەتەدا، مێژوو دەبێتە سەدا حەفتای ڕۆمانەکە، هەندێ نوسەریش تەنیا چوارچێوەی مێژوو وەردەگرن و لەمیانەیاندا بابەتە هاوچەرخ و سەردەمییەکان دەخەنەڕوو، بەڵام جۆری سێیەم ئەوەیە، کە هەندێ نووسەر، لەکاتی خوێندنەوە و گەڕانەوەیان بۆ مێژوو دەکەونە ڕامانی فەلسەفییەوە و ئەمەش دەبێتە هەوێنی نووسینی ڕۆمانەکەیان.)) (زراری، ٢٠١٨: ٥٧) ئەمەش بەو پێیەی ئەدەب بەرهەمی فەنتازیا و یادەوەری مرۆڤە بۆیە هاوکارە لە دووبارە خوێندنەوەی ڕووداوەکاندا بەتاموچێژی فەنتازییەوە.

لەڕووی مێژووییەوە ئەم ڕۆمانە توانیویەتی بارودۆخی ژیانی جووەکانی شاری سلێمانیی و کورد و کەمە نەتەوەکانی دیکەش پێشانبدات و وێنای کۆمەڵگای ئەو کاتەی کردووە لەو قۆناغە مێژووییەدا. ڕەنگە هەندێک خوێنەر کە خودی خۆی لایەنگریی بۆ لایەنێکی دەسەڵاتدار هەبێت لەکاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا نوسەری ڕۆمانەکە بەوە تاوانبار بکات، کە ئەم ڕۆمانە دەیەوێت دەسەڵاتی کورد ناشرین بکات، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت، کە حەقیقەتی مێژوو وون نابێت و دووبارە دەخرێتەوە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوەو ڕووە تاڵ و دزێوەکانیش دەخرینەوەڕوو. ئەم ڕۆمانەش تۆڵەکردنەوە نییە لە ڕابردووی خەڵکی شاری سلێمانی، چونکە بەشێک لە ڕەگەز وکارەکتەرە شۆڕشگێڕەکانیش زەق دەکاتەوە. لێرەدا نووسەر لەڕێگای ئەدەبەوە بەشێک لە مێژووی پشتگوێخراویی شارەکەمان بیردەهێنێتەوە، مێژوویەک، کە ڕەنگە تا ئێستاش بۆ بەشێک لە دانیشتوانی شاری سلێمانی یادەوەرییەکی زیندووی لەبیرنەکراوبێت. ڕۆمانی "نیشتمانی سارا" مێژووی کوردستان و بەتایبەتی شاری سلێمانییە و خوێندنەوەی بۆ خوێنەری ئێستا و داهاتوو گرنگە، چونکە ئەم ڕۆمانە پێمان دەڵێت لە ڕابردوودا کێ لە کوردستان و بەتایبەتی شاری سلێمانی ژیاوە و چۆن بیریان کردۆتەوە و چۆن هەڵسوکەوت و ڕەفتارییان کردووە، نوسەری ڕۆمانەکە خۆی ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕۆمانێک دەتوانێت کلتوور و زمانی نەتەوەیەک نەک هەر دەوڵەمەند بکات بەڵکو ڕێکیشی بخات، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد چونکە دابڕانێکی مەترسیدار لە نێوان کەمە نەتەوەییەکاندا هەیە، لەم ڕۆمانەدا کەسایەتییەکانی ئەوسا بە دەنگی خۆیان دەماندوێنن و چیرۆکی خۆیانمان بۆ دەگێڕنەوە جیاواز لەو کتێبانەی مێژوویین. ئەم ڕۆمانە بەهۆی جۆراوجۆریی و زۆری ڕووداوەکانییەوە قورسە بەسەرهاتەکانی لەچەند دێڕێکدا کورت بکرێنەوە. بەگشتی ڕۆمانەکە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی چیرۆکی ژیانی بنەماڵەیەک لە بنەماڵەکانی شاری سلێمانییە لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شارەکە بەناوی "جولەکەکان"، ئەم ڕۆمانە تەنیا ڕۆمانیکی فەنتازیی و خەیاڵیی نییە، کە لە بیر و ئەندێشەی نوسەرەوە هەڵقولابێت، بەڵکو ڕۆمانیکی مێژووییە و بە ڕووداوە ڕاستەقینەکانییەوە خۆی دەکاتەوە بە زەمەنی ئەمڕۆماندا تا کۆمەڵە ڕووداوێکی فەرامۆشکراو و باسلێوەنەکراومان بۆ بگێڕێتەوە. چونکە ئەم ڕۆمانە بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە دەکەوێتە لێپێچینەوەی مێژوو و چیرۆکەکانیشی پەیوەستن بەچارەنووسی خەڵکەکەیەوە. لەم ڕۆمانەدا لەڕێی ڕووداو و کەسایەتییەکانی شاری سلێمانییەوە ڕابردووی فەرامۆشکراویی جووەکان، کە قوربانی دۆخی لەناکاوی شارێکن دێتەوە بەرباس. ئەویش لە ڕێگەی گێڕانەوەی ئازار وژانەکانی جووەکانی شار بەهۆی شوناسەکەیانەوە،((پاشان خەیاڵم دەڕوات بۆ ئەو ڕۆژانەی منداڵ بووم و لەگەڵ



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

دایکم پێکەوە لە گەڕەکی سەرشەقامەوە بۆ گەڕەکی جولەکان دەگەڕاینەوە، لەبیرم دێت هەموو جارێک لەلایەن منداڵانی ئەو گەڕەکەوە بەردباران دەکراین، بۆ پاراستنی من لە بەردەکان دایکم لە باوەشی دەگرتم و دەینام بە سنگییەوە، لەبیرم نایەت من بەردێکم بەرکەوتبێت، ئەوسا دایکم لەمنی دەشاردەوە و پێی نەدەوتم لە چەند لاوە سەری شکابوو یان جێگای بەردەکان کوێیان شین و مۆر کردبۆوە، بەڵام کاتیک دەگەشتینە ماڵەوە ، دادەنیشت و بێدەنگ وکز لەبەرخۆیەوە دەگریا و نزای لێدەکردن.)) (ئەبراهام، ٢٠١٩: ٣٦٢-٣٦٣) ڕۆمانەکە ئەو دیوەمان پیشان دەدات، کە بەشێک لە خەڵکی کوردستان چۆن بەهۆی کاریگەری ئایین و سیاسەتەوە لەو سەردەمەدا ئازاری جولەکەکانیان داوە و بەهۆی پاکتاویی ئایینییەوە ڕووبەڕووی پاکتاوی ڕەگەزیش بوونەتەوە، لەم ڕۆمانەدا، چەمکەکانی ( نیشتمان، ناسنامە، ئایین، ژیانی کۆمەڵایەتی، ۆ شۆڕش، مێژوو، زوڵم و ستەمکاریی...) لەبازنەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا دەسوڕێنەوە و زمان لە بۆتەی ڕووداوەکاندا زۆر بە لێهاتویی نوسەر خستویەتییە خزمەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە جۆرێک ناتوانی دەستبەرداری دیوە شاراوەکانی ناو ڕووداوەکانی رۆمانەکە ببیت. چونکە ئەمە رۆمانێکە دەرخستەی بیری یاخیی بووی نێو کۆمەڵگای کوردییە. ڕۆمانی نیشتیمانی سارا، ئاوێنەیەکی ڕوونە، کە لە ڕابردوودا لە کوچە وکۆڵانەکانی شاردا هەڵواسراوەو دیمەنەکانی بۆ تۆمار کردووین، کە ئێستا نووسەر لە فۆرمی ڕۆماندا دووبارە پیشانی ئێمەی دەداتەوە. ((منداڵەکان کە لەدایک دەبن میراتێکی قورسی ڕۆحیی و ماددیی ژیانیان گەمارۆ دەدات، پیاوانی دین و سیاسەت پێکەوە مێژوویەک پەیدادەکەن، کە تێیدا خودا و کتێبگەلی پیرۆز و مەزارگە و شوێنگەلی موقەدەسی مرۆڤ دەبنە هۆکاری ئەوەی زەبرێکی کوشندە لە ڕۆحی ئینسانەکان بدەن پێش ئەوەی لە جەستەیان بدەن، لە گەڕەکێکدا منداڵێک لە دایک دەبێت پێش ئەوەی درک بە هیچ شتێکی ئەم جیهانە بکات، پێی دەڵێن : "کەس توخنی ئەو بەڵایە نەکەوێت".)) (ئەبراهام، ٢٠١٩: ١٣) ئەم بەڵایە سەرەتا و کۆتایی ڕۆحی میللەتێکە، کە خودا هەر ئەوەندەی پێ ڕەوا بینیوە، میللەتێک هەر لە منداڵییەوە فێردەکرێن، کە ئەوان جیاوازن جیاوازییەکەشیان لە شکڵ و جلوبەرگیاندا نییە، بەڵکو لە ڕۆحییانە. نیشتمانی سارا نیشتمانی ڕۆحی پاکی مرۆڤە، مرۆڤ بە واتای پاکیی و بێگەردیی و مێژوو و ڕەسەن و سەرچاوەی بنەڕەتی بوونی مرۆڤ. تەماشاکردنی ڕۆحێکی موقەدەس بە بەڵا و جیاواز و نەبینینی ئەو ڕۆحە بەوەی، کە میراتێکی گەورەی مرۆڤەکانی ئەم شار و گەڕەک و کۆڵانەی هەڵگرتووە، بەڵکو تەماشا کردنیان وەک "باوە حیزێک" بەم شێوە ناوەڕۆکەی لەم ڕۆمانەدا وەسفیان کراوە، تێمان دەگەیەنێت

گەمەکانی مرۆڤی دڕندە و مرۆڤی شەیدای دەسەڵات و هێز و خۆسەپێن چی هێزێکی خراپەکاریی لەنێودایە کە دەتەقێتەوە چی بەد کردارییەک پەرش دەکات.

لەم ڕۆمانەدا گەڕەکێکی بچوک هەیە، کە لەوێ مرۆڤێک، منداڵێک لە نێو مێژووییەکی فرە دەرد و قووڵدا لەدایک دەبێت، ئەم گەڕەکە فۆرم و ناوەڕۆکێکی دیکە بە ئەزموونی مرۆڤ لەم جیهانەدا دەبەخشن. لەم گەڕەکە بچوکەدا مێژووی دین و میللەتێک دەردەکەوێت، کە پەردە لەسەر چاوەکانی لادەبات. هونەر و شەراب، خەون و حاخامی، کتێب و بەرد، مێژووی کۆچ و بێ نیشتمانیی، گەڕەکێکی بچوک لە جیهانێکی گەورەی وێرانەدا، هەموو ئەمانە و زیاتریش لەم گەڕەکەدا بە میرات بۆ منداڵەکان ماونەتەوە و دوای مردنیشییان هەر بەدوایانەوەیە. بۆیە ئەم دەقە پێکهاتەیەکی ڕۆشنبیریی و دابڕاو و دوورە پەرێز نییە، بەڵکو بە پێشینەی مێژووییەوە گرێدراوە و لە ڕێی لێکدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی نێو دەقەکەوە گوتارەکان بەڕوونیی دەردەکەون.

**٢/٣) هەڵوەشاندنەوەی مێژوو**

ئەوەی ئەدەب لە زانست و مێژوو و کایەکانی دیکە جیادەکاتەوە توانا و لێهاتوویی باسکردن و شێوازی گێڕانەوەکەیەتی، شێوازیک، کە دەتوانێت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ڕووداوەکان بخوێنێتەوە و زەمەن و ڕووداوی نوێیان لێ بەرهەم بهێنێت و ڕۆحێکی دیکەیان بە بەردا بکات ((ئاشکرایە، کە هەمیشە ڕووداو و بیرکردنەوەکانی ناو کۆمەڵ و کۆمەڵگا کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕەوتی نوسین و ڕۆشنبیری دەبێت))(عەبدوڵا،٢٠٢٣: ٣٢) ئەوەی لە دەقێکی ئەدەبیدا دەیخوێنینەوە دەکرێت باسکردن بێت لە ڕابردوو بەڵام ئەوە هێزی ئەدەبە، کە وامان لێدەکات دیدێکی دیکەمان بۆ ئەو ڕووداوانە هەبێت، چونکە نووسەر هەوڵ دەدات دیوێکی دیکەی واقیع و بوون پیشان بدات.(( پەنهانیی ڕووداوی سەرەکی رۆمان، هانی خوێنەر دەدات لەتەک بەرهەمەکەیدا بژی و بە مێشکێکی کراوە لە ڕووداوەکان بفکرێت)) (بەسیر، ٢٠١٥: ٣٥٤)، ڕۆمانی "نیشتمانی سارا" هەوڵێکە، کە نووسەر لە ڕێگەی باسکردن و گێڕانەوەی ڕابردووە وە باسی قۆناغێکی مێژوویی چینێک یان دەستەیەک لە خەڵکی شاری سلێمانیمان بۆ دەکات. ئەم هەوڵەی نوسەریش هێزێکە، کە دەیەوێت پێمان بڵێت لە ڕێگەی ئەدەبەوە دەتوانین مێژووی زەمەنێکی شاری سلێمانی هەڵوەشێنینەوە و بە دیدێکی نوێ و دەرخستنی لایەنە فەرامۆشکراوەکانی خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان بکەینەوە. تێمای سەرەکی ئەم ڕۆمانە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو بۆ باسکردن لە ئایین و مێژوو و سیاسەت. گێڕانەوەی چرکەساتی قوربانیدان و ئازارەکانیان. جیاواز لەوەی



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

سیاسییەکان یان مێژوونووسەکان هەتا ئێستا گێڕاویانەتەوە، ئەمەش هەمان کارە، کە ڕۆمانێکی سەرکەوتوو دەبێت بیکات، چونکە بەپێی مێژووگەرایی نوێ ئەدەب بە تەنیا فەنتازیی کردن و دەستکاریکردنی زمان نییە وەک بابەتێکی هونەریی، بەڵکو هەوڵێکیشە بۆ قسەکردن لەسەر دووبارە خوێندنەوە و تێڕامان لەسەر ڕووداوەکانی ڕابردوو ئەویش لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەوە دەبێت. ئامانج لەمەش ((هەستکردنە بە واتا شاراوە نووستووەکانی پشت دالەکان و سەرلەنوێ بە ئەندازەکردنی واتای دەق و پێکهاتە تازەکەیە، بە واتایەکی تر، خوێندنەوەیەکە لەسەر لاشەی نووسینەکانی تر، بەمشێوەیە وێنەی داهێنانێکی تازەیە بەپێی جیهانبینییەکی جیاواز کە ئامانج لێی دۆزینەوەی واتا نا ئامادەییەکانە)) (بەرزنجی، ٢٠١٤: ٣١). ڕۆماننووس بە گەڕانەوە بۆ دۆکیۆمێنتە مێژووییەکان دووبارە لە ڕێگای یادەوەرییەوە کێشەی جووەکانی شاری سلێمانی هەڵدەداتەوە، بەڵام مێژوونووسان یادەوەرییە فەرامۆشکراوەکانی جووەکان بەوشێوەیە ناگێڕنەوە و لای مێژوونووسێکی سەردەمی شێخ مەحموود و ڕاپەرینەکانی سلێمانی ئەوەی بەهای نەبێت ئەم وێنەی یادەوەرییەیە، لای جوویەکی سلێمانی دەرکردنی جووەکان، لە مرۆڤ داماڵینیان، بێ بەها کردنیان و لەماڵ وموڵک خستنیان شتێکە مێژوونووس ناتوانێت وێنای بکات، جا ئەگەر مێژوونووسەکە خۆی خۆی بەشێک بێت لە ئاگری شەڕی دژ بەو خەڵکە و هەم بەهۆی بەرژەوەندییە چینایەتیی، سیاسیی، ئاینیی و کلتوورییەکانەوە، نەتوانێت واقیعی ژیانی ئەوان پیشان بدات. لەبەر ئەم هۆکارانەیە، کە نەتوانراوە بەرهەمێکی مێژوویی، کە حەقیقەتی جووەکان بگێڕێتەوە، بنوسرێت. چیرۆکی ڕۆمانەکە و ڕووداوەکانی لەیەک شوێندا ناوەستن، نوسەر گەمەی سەرنجڕاکێش لەگەڵ شوێنەکاندا دەکات و مێژووی چەند شوێنێکمان دەخاتە بەردەم بۆنمونە سەرنجمان لە شاری سلێمانییەوە بۆ هەولێر و لەوێشەوە بۆ ڕۆژهەڵات دەگوازێتەوە، کە هەر یەکە لەم شوێنانەش تایبەتمەندیی و کاریگەری خۆیان بەسەر ڕووداوەکانەوە هەیە بەڵام زۆربەی ڕووداوەکان لە شاری سلێمانیدا ڕوودەدەن.(( باپیرە خایم لە دوا لاپەڕەکانی یاداشتنامەکەیدا نوسیبووی: زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە سڕینەوەی کلتوور و ئاسەوار و هەڵدانەوەی گۆڕیی باو و باپیرانماندا بەشداربوون)) (ئەبراهام:٢١٠)، نوسەر جگە لە نیشاندانی نەهامەتییەکانی ئەو کۆڵانە ئەو تەنگ و چەڵەمەیەی "جولەکەکان" دەخاتە بەرباس و لە چەندین زەمەنی جیاواز دەدوێت و چەندین پێشهاتی باسنەکراو پیشان دەدات وەک (تاعون و گرانیی، دەسەڵاتی عوسمانییەکان، هاتنی بارزانی بۆ سلێمانی، ژیان لە تاراوگەدا......) لێرەدا دەتوانین بڵێین،

که گێڕانەوەکانی ناو ئەم ڕۆمانە شوێنی هەڵگرتنی ڕووداوەکانە بۆ دەمی ئێستا و دووبارە پێداچوونەوە بە مێژوویی ڕووداوەکاندا، چونکە چیرۆکەکانی ئەم ڕۆمانە زۆر نهێنیی مێژوویی و پشتگوێخراو لە خۆیاندا هەڵدەگرن، کە خوێنەر دەتوانێت لە ڕێی هەڵوەشاندنەوەی ئەو مێژووەوە دووبارە ئاشنای ژیانی جولەکەکان ببێت، لەم ڕۆمانەدا دەبینین فەرمانڕەوای شار و دەسەڵاتی سیاسیی عێراق ئەو هێزە سەرکەوتووەی دەرەوەی شارن "بە مانا سیاسییەکەی"، کە مێژووی ساختەی شارێکی شکستخواردوو دەنووسنەوە، دەسەڵاتی ئاینیی، کلتووریی و سیاسییە خاوەن هەژموونەکانی نەیاری دەسەڵاتیش ئەو هێزە سەرکەوتووەی شارن "سەرکەوتوو بەرامبەر بە پەراوێزخراوەکانی شار"، کە لە سێبەردا مێژوویەکی ساختە دەنووسنەوە. بە دیوێکی دیکە "نیشتمانی سارا" گێڕانەوەیەکە بۆ هەڵگرتنی چیرۆکەکانی ئەو چینە زوڵم لێکراوە، بۆ ئەوەی بەردەوام ئەوەمان لە خەیاڵدا بێت مەترسی دووپاتبوونەوەی پاکتاوکردن و دەیانی دیکە لە ئارادایە و چونکە ئەم دەسەڵات و سیاسەتە بەردەوام لە زەمانی دیکە و بە فۆرمی جیاواز خۆی دەنوێنێتەوە. چونکە ئەم ڕۆمانە لەگەڵ ئەوەی حەقیقەتەکانی مێژوومان بۆ دەگێڕێتەوە ڕووداوی نوێ و ئێستایشمان بۆ دەخوڵقێنێت. کە لە ڕێگەی ئەدەبەوە ڕووە قوڵەکەی مێژووشمان پیشان دەدات و ڕوانینێکی ڕەخنەییانەی بەرامبەر ئەو گوتارە دەخاتە بەرچاو، کە پێشتر زاڵ بووە. بە پێی مێژووگەرایی نوێ ((ئەگەر لە ڕۆمانی باوی تەقلیدی کوردیدا وەکو کەرەستەیەکی پیرۆز بۆ دەرخستنی هەستی نەتەوایەتی مامەڵە لەگەڵ مێژوودا دەکرا، ئەوا لە ڕۆمانی نوێدا ڕوانینێکی ڕەخنەییانە بۆ ئەو مێژووە هەیە، لەو ڕێیەوە زەمینەی دیالۆگ لەگەڵ سیاقە ڕۆشنبیریی، کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی دەرەخسێنێت. ڕەخساندنی دایەلۆگ لە نێوان مێژوو و ئێستا هەوڵێکە بۆ دەرخستنی گوتاری سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئێستا. واتە ئەو ڕووەی مێژوو فەرامۆشی کردووە، ئەم دێت سەرلەنوێ ڕەهەندی دیکەی پێدەبەخشێت)) (مەنتیک، ٢٠٢١: ١١٤). ئەگەر لەم سۆنگەیەوە شوێنپێی جووەکانی گەڕەکی جولەکانی شاری سلێمانی هەڵبگرین و گەشتیکی پێچەوانە بە مێژوودا بکەینەوە، ئەوا شاربەدەرکردنی جووەکانی شار تەنیا ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەک کارەساتی مێژوویی، کە بەسەردەمی دروستکردنی شاری سلێمانی و دەستنیشانکردنی شوێنی نیشتەجێبوونەکەیاندا تێدەپەڕێت.

### ٣/٣ کاریگەری گوتاری سیاسیی و کلتوریی و ئایدۆلۆژیی

ڕۆمان بەرهەمی سەردەمی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی بۆرجوازییە لە مەیدانی کلتوورو هونەردا، لەم ڕووەوە ڕۆمان بە گشتی بەرهەمی سەردەمی زانیارییە. کۆتایی سەردەمی حیکایەتخوانیی و بەدوای یەکداهاتنی زنجیرەیی ڕووداوەکانە، ڕۆماننووسان لەگەڵ زیاتر گەشەدان بە تەکنیکەکانی ڕۆمان، ڕۆمان وەک نواندنەوەیەکی ئایدۆلۆژیا و گوتارە سیاسیی و مێژوویی و کلتوورییەکان دەنووسنەوە. ئەوەی وایکردووە پرسی جووەکان ببێتە پرسێکی کاریگەر و تێمای چەندین نوسین و فیلم و بەرهەمی مێژوویی بێت، گەشەی کلتووریی یادەوەری جووەکانە، بەتایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دا، هەر کە یادەوەری جووەکان چووە ناو نێو دیمەنی گشتیی و مەیدانەوە، زۆر هۆکار بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم بابەتە وەک ئەرشیفە دەنگییەکان و مێژووی زارەکیی، لەسەر ئەو بنەمایەش شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان و پیشاندانیان سەریهەڵدا. مێژوونووسان دەزانن ئەو خەڵکانەی کۆکراونەتەوە و بەزۆر ڕاگواستراون جووەکانن، بەڵام لای یادەوەری وێنەکان لەمە زیاتر دەڵێن، کە مێژوونووسان ناتوانن ببینن، چونکە وێنەکان هەست و سۆزییان تێدایە، هەروک چۆن نوسەر لەم رۆمانەدا لەڕێگەی وێنەکانەوە ئەزموونی قوربانییەکان دەگێڕێتەوە. گەڕەکی جوولەکان بۆنەیەکە بۆ گێڕەرەوە تا بکەوێتە هەڵکۆڵینی یادەوەری شارێک و لەوێوە ئەزموونی دانیشتوانەکەیمان بۆ بگێڕێتەوە، ئەزمونێک، کە بۆ دانیشتووانەکەی مایەی نیگەرانییە. گەڕەکی جولەکان بە پەراوێزی گەڕەکە موسوڵمان نشینەکانی شاراوەبوو، کە دیوارێکی سیمبولیی بە دەوردا هەڵچنرابوو لەسەر شێوێکی ئاوەڕۆ و زێرابی شارەوە هەڵکەوتبوو، ((ئەو سنوورەی کە ترس و دوودڵی لەو گەڕەکەدا بەدەوری ئێمەی جوودا کێشابوو.. ئەو دەردو بەڵایە هەمووی لەو شیوەوە پێمان دەگات، ئەو شیوەی گوو و میزی هەموو خەڵکی شارە و بەناو دەمارەکانی ئێمەی جوودا تێدەپەڕێت))(ئەبراهام: ٦٩) ئەمە بارودۆخی ژیانی جووەکانی شاربوو، کە بەشدارن لە پێکهێنانی کلتوور و ئایدۆلۆژیا و کۆمەڵایەتی شاردا . کەواتە نووسەر لەگەڵ گێڕانەوەی ڕوداوەکانی ژیانی جوولەکەکان دەکەوێتە باسکردنی چەندین بابەتی ژیاریی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی وەک بابەتی پێکەوە ژیانی نەتەوە و ئاینە جیاوازەکان، دەسەڵاتی سیاسیی لەو قۆناغەدا و پەیوەندی کۆمەڵایەتی خەڵکی گەڕەک و شار و مامەڵەکردنی خەڵکی لەگەڵ جووەکان و دواتر کۆچی جووەکان لەکوردستانەوە بۆ ئیسرائیل. هەربۆیە باسکردنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیان و زاڵبوونی گوتاری سیاسیی و ئایدۆلۆژی، کە مێژوو ئەمانەمان پێناڵێت، بۆ نمونە لە کاتێکدا خەڵکی شار بە دەست نەهامەتیی و گرانیی و

برسێتیی و نەخۆشی تاعوون و ڕشانەوەوە دەناڵێنن، لەتاو ئازار و مەرگەساتەکانیان ئاگری نەورۆز ناکەنەوە، بەڵام شێخە دەسەڵاتدارەکان لەگەڵ دەست و پێوەندەکانیاندا لەگۆشەیەکی شارەوە لەسەر خوانی چەور دانیشتوون. ئەمە هێزی گێڕانەوەی ڕۆمانە،کە پێمان دەڵێت دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆ وێنەی خۆیان لە ڕووداوە مێژوویەکانی ڕابردوو و پۆرترێتی دەسەڵاتەکانی دوێنێ خواستووە ((هەرچ کەسێک ئەبینیت سمێڵێکی هیتلەری داناوە و گۆرانی بە بالای هیتلەردا ئەڵێت، جا ماڵوێرانییەکە لەوەدایە هەموو چین و توێژەکانی گرتۆتەوە، تەنانەت نووسەر و ڕۆشنبیرەکانیشمان هەموو خۆیان بە قەومی ئاری دەزانن.)) (ئەبراهام: ۱۷۸) نوسەر لێرەدا قەیران و کارەساتی جووەکانی شار بە دابڕاو نازانێت لە هەمان ئەو قەیرانەی لەناو پێشکەوتوترین چین و توێژ و سیستمی کلتووریی و کۆمەڵایەتییەوە دروستبووە. کەواتە هەم جووەکان و هەم موسڵمان و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵیش لەوکاتەدا کەوتونەتە ژێر ئایدۆلۆژیای سیاسیی و گوتاری باڵادەستەکانەوە. نوسەر لێرەدا ئەو پەیوەندییە دادەمەزرێنێت، کە نیشانی دەدات ڕاستە جووەکان و موسوڵمانەکان هەردوکیان قوربانین، دەبێت یەک بگرن. کاتێک "خایم" و هاوڕیکانی هەوڵی زیندووکردنەوەی "پارتی خەڵوز" دەدەن نەک بە شێوە کۆنەکە وەک پارتێک تەنها بۆ جووەکان بێت، بەڵکو بۆ سەرجەمی چەوساوە و سەرکوتکراوان بێت بە کورد و جوو و مەسیحییەکانیشەوە. ڕۆماننووس لە پەیوەندی نێوان خەباتگێڕان و هاوڕێیانی سالار گەشبینی ویست وئیرادە و خەونی شۆڕشگێڕان پیشان دەدات، بەڵام ناشتوانین بێدەنگیی و پاڵپشتیی و پشتیوانیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی کۆمەڵگا و نوسەران و هونەرمەندان لەبیربکەین. کەواتە ئەم ڕۆمانە خستنەڕووی پێکدادانی تراژیدیایەکی نێوان گوتار و ئایدۆلۆژیا زاڵەکانی چینێکی کۆمەڵایەتییە، کە لە ڕێگای ئەو ململانێیانەوە ڕوووداوەکان و چیرۆکی ژیانیان لە قۆناغێکی مێژوویدا دێتەوە بەرباس و دووبارە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە لەڕێگای بنەماکانی میتۆدی مێژووگەرایی نوێوە و بەپێی زەمەنی ئێستا دەتوانین خوێندنەوە بۆ ڕۆمانی نیستمانی سارا بکەین، ڕاستە باس لە قەلاچۆی سەر جووەکان دەکات و لە گفتوگۆی نێوان سارا و سالار و سابات دا باس لە شاعیران و نوسەرانی وەک گۆران و ئەحمەد هەردی و باسی شیعر و دڵداریی ودڵ و تیر ئەکەن، کە هیچ کاریگەری لەسەر هەست ونەستییان دانانێت. گێڕانەوەی ڕووداوەکان ڕۆمانەکە لە مێژوویبوونەوە هەڵدەوەشێنێتەوە و دەتوانێت فیگۆرە مێژووییەکان بە ئاسانی وەربگێڕێتە سەر فیگۆرەکانی ئەمڕۆ ئەوەش گەورەترین شۆڕشە بۆ نەوەکانی ئەم


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

سەردەمە. نوسەربۆکەرەستەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە سوودی لە مێژوو و ڕووداوە مێژووییەکانی قۆناغێکی دیاریکراوی شاری سلێمانی وەرگرتووە، کە خوێنەر دەگەڕێنێتەوە بۆ چەندین ساڵ پێش ئێستا وگۆشەیەکی دیکەی ژیانی لە ناوچەکەدا پیشان دەدات و چەند لایەنێکی شاراوە و گرنگ هەم لە نووسین و هەم لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا هەیە، کە خوێنەری ورد ولێهاتوو لەپاش خوێندنەوەی هەستییان پێدەکات. لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا گەڕانەوەی "باپیرە خایم" پاش چەندین ساڵ لە ئیسرائیلەوە بۆ شاری سلێمانی و چوونی بۆ سەر گۆڕستانی جووەکان و وتنی دوا پەیامی خۆی(( باپیرە خایم لەسەر سەکۆی شەقامەکە دانیشت، ئەو شەقامەی کە پێشتر گۆڕستانی جووەکان بووە و هەموو باو و باپیران و ئازیزانی لەوێدا بەخاک سپێردراون، دەستی برد بۆ جانتاکەی شانی و بەردێکی دەرهێنا، بەردەکەی لەسەر لێواری شەقامەکە دانا و چاوی داخست و لەبەر خۆیەوە گوتی: لەڕەقی و تەمەنی ئەبەدیەتی خۆتا یادی ئێمە هەڵگرە و بە نەوەی داهاتووی ئەم شارە بڵێ، کە ئێمەش لێرە بووین.))(ئەبراهام: ٤٤٣) نوسەر لەمەوە پێمان دەڵێت لەبیرمان مەکەن و وەکو بەشێک لە ڕابردووی خۆتان لێمان بڕوانن، چونکە ئێمەش لێرە بووین و ئێمەش بەشداربووین لە قوربانیدان و ئێسک و پروسکی نەوەکانمان تێکەڵ بەم خاکە بووە.

## ئەنجام

1 – مێژووگەرایی نوێ تیۆرێکی ڕەخنەیی نوێیە، کە لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، لەسەر بنەما تیۆرییەکانی(ستیڤن گرینبلات) دامەزراوە و جەخت لەگرنگی لیکۆڵینەوە لەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابوورییانە دەکاتەوە، کەبەرهەمە ئەدەبییەکانیان لەقاڵب داوە، هەروەها ئەو ڕێگایانەی، کە ئەو بەرهەمانە کاریگەرییان لەسەر کلتوور و سیاسەتی سەردەمی خۆیان هەبووە، هەربۆیە ئەدەب بەرهەمی ئەو زەمینە مێژوویی و کلتورییەیە، کەتێیدا بەرهەم هاتووە.

2 – لە مێژووگەرایی نوێدا ئەگەر بتەوێت مێژوو بە دروستی ساغ بکەیتەوە، ئەبێت کەمتر گرنگی بە کتێبە مێژووییەکان بدەیت، چونکە پێیوایە باشترین چارەسەر ئەوەیە، کە ئەدەب و هونەری ئەو سەردەمە بخوێندرێتەوە


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

لەبەرئەوەی مێژووی ڕاستەقینە و دروست لەناو ئەدەب و هونەردا نوێنراوەتەوە.

3 – مێژووگەرایی نوێ باوەڕی بە کاریگەری هاوبەشی ئەدەب و مێژوو لەسەر یەکتر هەیە.

4 – ڕۆمانی "نیشتمانی سارا" دەرگایەک بەڕووی دەروون و مێژووی ڕۆحیی خوێنەراندا دەکاتەوە، تا لەوێوە سەیری نیشتمانێکی موقەدەس بکەن و پرسیار لە مێژووی ئاشتەوایی و پێکەوەژیانی مرۆڤەکان بکەن لە کوردستاندا، چونکە "نیشتمانی سارا" نیشتمانی ڕۆح و بوونە، نەک هێز و دەسەڵات.

5 – "نیشتمانی سارا" کاریگەری کردۆتە سەر ڕەوتی کۆمەڵایەتیی وکلتووریی و مێژووی سەردەمی خۆی، کە دواتر هۆکار بووە بۆ لێکدانەوەی جیاوازی مێژوو و لەڕێی مێژووگەرایی نوێوە بۆچوونی جیاوازی دەربارەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی مێژوو خستۆتەڕوو و لایەنی شاراوەی مێژوو دەخاتەوە بەر دیدی خوێنەران.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی


1 –ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، ٢٠١٥، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، سلێمانی ، چاپی یەکەم، غەزەلنووس.

2 –ئەبراهام، میران، ٢٠١٩، نیشتمانی سارا، سلێمانی، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی کەپر.

3 –بەرزنجی، عەلی تاهیر، ٢٠١٤، چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

4 – بەسیر، کامیل حەسەن، ٢٠١٥، مێژووی ڕەخنەسازی،سلێمانی، چاپی یەکەم، غەزەلنووس.

5 -بەرزنجی، عەبدوڵا تاهیر، بەرزنجی، عەلی تاهیر، ٢٠٢٤، کلیلدان، فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

6 -بەرزنجی، عەبدوڵا تاهیر، ٢٠٢٣، مێژووگەرایی نوێ و خوێندنەوەی گێڕانەوە، سلێمانی، کوردستانی نوێ.

7 -بەرزنجی، عەلی تاهیر، ٢٠٢٥، میتۆدە ڕەخنەییەکانی پاش نوێگەری و چەند سەرچاوەیەک،سلیمانی، چاپی یەکەم، چاپخاننەی کارۆ.

8 -زراری، سەنگەر، ٢٠١٨، هونەری رۆمان(مێژوو، خوێندنەوە، بەردەوامی)، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەفسیر.

9 -ڕەشید، فوئاد، ٢٠١٨، میتۆدۆلۆژی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری.

10 - ڕەزا، ئەحمەد، ٢٠٠٨، لە دەروونشیکارییەوە بۆ لێکدانەوە ١٩٩٧-٢٠٠٧، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان.

11 - سلێمان، هەژار فەقێ(٢٠٢٥)، وێنەی شیعریی لە دەقە شیعرییەکانی(ئازاد سوبحی) دا، مجلة جامعة كركوك للدراسات الأنسانية، کەرکوک، المجلد(٢٠)، العدد الأول. الجزء الأول.

12 - مەموزینی، سەعید"بەردەڕەش" (٢٠٠١)، شیعر و مێژوو، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٦٢.

13 - مەنتک، حەمە، (٢٠٢١)، میرنامە، ڕۆمانی میتاسەرهاتی مێژوویی، گۆڤاری وانەر، ژمارە٤، چاپخانەی کارۆ.

14 - مەنتک، حەمە، ٢٠١٨، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ڕەخنەی ئەدەبی لەڕووی تیۆرییەوە، هەلێر، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

15 - مەردان، کاوە عەلی(٢٠٢٤)، ئاوێتەبوونی ڕەهەندی ئایینی و نیشتمانی لە نێو شیعرەکانی(کۆساری) دا، مجلة جامعة كركوك للدراسات الأنسانية، کەرکوک، المجلد(١٩)، العدد الثانی.

دووەم: بە زمانی عەرەبی:

16- دراج، فيصل، ٢٠٠٤، الروايه و تأويل التأريخ، نظريه الروايه و الروايه العربيه، المغرب، ط١، الدار البيظاء .

17- رضا، حمادو، ٢٠٢٤، "التاريخانية الجديدة: تاريخيية النص و نصية التأريخ ، الخطاب، المجلد ١٩، العدد ١.

18- فريد، ماهر شفيق، ٢٠١٦، ماوراء النص- اتجاهات النقد الأدبى الغربى فى يومنا هذا، القاهره، ط١، الدار المصريه اللبنانيه.

19- ماكدونالد، رونان، ت/ زياد، صالح، ٢٠٢٤، قيم الدراسات الأدبية المؤسسات النقدية و الأتجاهات البحثية، عمان، ط١، دار كنوز المعرفة للنشر والتوزيع.

سێیەم: بەزمانی فارسیی

20- برسلر، چارلز ،ت/ عابدينى، مصطفى، ١٣٩٦، در آمدى بر نظريەها وروش هاى نقد أدبى، تهران، چاپ چهارم.

21- پاينده، حسين، ١٣٩٨، نظريه و نقد أدبى، درسنامەاى ميان رشتەاى، تهران، جلد اول، چاپ اول.

22- پاينده، حسين، ١٤٠١، نظريه و نقد أدبى، درسنامەاى ميان رشتەاى، تهران، انتشارات مرواريد .

23- تايسن، لويس، ت/ پاينده، ١٣٩٨، نظريەهاى نقد أدبى معاصر، تهران، نشر نگاه امروز.

24- داد، سيما، ١٣٩٠، فرهنگ اصطلاحات أدبى، تهران، چاپ پنجم، انتشارات مرواريد.

25- زوارەئيان، پريا، دادبه، أصغر، ١٤٠٠، نامەهاى محمد غزالى أز منظر تأريخ گرايى نوين، تهران، مقاله ٥، دوره ٢٥، شماره ٨٩ .

26- رهادوست، بهار،١٣٨١، تأريخ گرايى نوين، كارنامه، شماره ٣٧، پرتال علوم اجتماعى.

**چوارەم: بە زمانی ئینگلیزیی**

27- Montros, Louis, 1992, New Historicism Re drawing the Boundares- the transformation of English and American Literery studies, Stephen Greenblatt and Giles Gunn. New York.

28- Veeser, H.Aram, 1993, The New Historicism REEADER, New YORK.

29- Lyu, Xiaotang, 2021, An Introduction to New Historicism , Advances in Social Science, Education and Humanities Research, volume 543, proceeding of the 2021 6th Intrenational conference on Social Sciences and Economic.

30- Erotic vision in the poetry of (Qubadi jalizada), KB Abdulla, DS Hamafaraj - Halabja University Journal, 2019.

31- Woman in Kurdish Literature, Rangdan and Mlwanka's poem collections by Sherko Bekas an Example, KB Abdulla, SN Abdulla - Halabja University Journal, 2023.

## Index Of Published Research

### Quranic Sciences Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effects of Contemporary Atheism on Societal Life and Ways to Prevent It | Taghlub Khalil Ibrahim<br>Prof. Dr. Muhammad Khalil Ibrahim | 1-45 |


### Psychological and Educational Sciences Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effect of the Dual-Situation Learning Model (DSLM) on the Achievement of Fifth-Grade Literature Students in the Holy Quran and Islamic Education Subjects and the Development of Their Systematic Thinking | Ali Assistant Lecturer Hussein Abdullah Ibrahim | 46-76 |
| 2 | The impact of the aquarium strategy in the processing of fifth grade students ' literary information in the history subject and the development of their lateral thinking. | Dr. Ismail Hammash<br>Jassim | 77-113 |


### Geographical Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The effect of dams on sustainable rural development, a case study of the Shian Dam, Kermanshah province, Iran | Aeizh Azmi<br>Asst. Lect. Dedar Aswad Ali<br>Asst. Lect. Taeb talb hamakhan | 114 -141 |

## Historical Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The scientific output of the scholars of the Maghreb and Andalusia in the field of authorship through the book “Deaths of Notables and News of the Sons of Time” by Ibn Khallikan (d. 681 AH/1282 AD) | Sahera Fadel Awad Shasho<br>Prof. Dr. Azal Ibrahim Hussein | 142-183 |
| 2 | British Policy Towards Egypt, 1914–1936<br>A Historical Study | Asst. Lect. Medhat Hammash Jassim | 184 - 211 |
| 3 | The Pollution Of The Shatt Al-Arab Waters By The Oil Of The Anglo-Persian Oil Company And Its Impact On Ottoman-British Relations Before World War I: A Study Through Documents. | Aedan Shabib Salim AL-Sabahy | 863-885 |


## Turkish Language Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Analysis of The Poem “Our Old Mansion” By Nesrin Erbil | Elaf Salar Anwar<br>Asst. Prof. Goran Salahattin Şükür | 212-236 |
| 2 | A Comparative Study Between Turkish and Kurdish Proverbs | Asst. Lect. Iman Azad SADEQ | 237-257 |
| 3 | A Research On Sultan Muzafereddın Gökbörü’s Hıstorıcal Contrıbutıon To The Erbıl Regıon | İnas Salar Enver<br>Dr. Naznaz Bahjat Tawfeq | 258 -272 |
| 4 | Dverbial Participle Suffixes In Turkish And The Behdini Dialect Of Kurdish | Halabshima Mohammed Shareef<br>Assit.Prof. Dr. Karwan Salahalddin Shukur | 273- 298 |
| 5 | A Comparison of Consonants between Turkish (Turkey Turkish) and Iraqi Turkmen Turkish (Erbil Dialect) | Zaınab Sadeq Saber<br>Assist. Prof. Dr. Hazım Burhan Mustafa | 299-327 |
| 6 | Socıal And Moral Degradatıon In Rıza Çolakoğlu’s Poems | Naznaz Adnan Semin<br>Assist. Prof. Goran Salahattin Şükür | 328-364 |
| 7 | A Socıo-Polıtıcal Study On | Huda İbrahim | 365-389 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | Kemal Beyatlı’s “Mecehamal” Story | Assist. Prof. Dr. Goran Salahattin Şükür | |


**Arabic Language Research**


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effect of the Dual-Situation Learning Model (DSLM) on the The effect of the active learning-based letter box strategy on developing reading skills among second-grade primary school students | Dr. Ali Ahmed Hussein Hamad Al-Sabaawi | 390-429 |


**English Language Research**


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Philip Ridley’s Dystopian Gothic: Childhood Trauma And The Post-9/11 World | Ala'a Muwafaq Mustafa AL-Khazraji | 430-457 |
| 2 | The Theme of Wasteland in Allen Ginsberg’s “Howl” | Assist. Prof. Hussein Kadhum Challab | 458-472 |


**Kurdish Language Research**


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The origin of Linguistic Ideology in the Structure of the Kurdish Language | Asst. Lect. Edris Hamamurad Majid Prof.Dr. Karwan Omar Qadir | 473-500 |
| 2 | Rebellion in then Poems of (Abdulla Pashew) | Ahmed Sadeq Khorsheed Assist. Prof. Dr. Izzadin Saber Mohamed | 501-524 |
| 3 | Social Issues and Problems " in the Novels of Ata "Muhammad | Wrya Burhan Noori Assit. Dr. Ashti Hussein Arif | 525-548 |
| 4 | Reflection of mental conflict in Bakhtiar Ali’s novel (Palace of Sad Birds) | Avin Abdulqadir Khalifa Assit. Prof. Kwestan Jamal Salam | 549-652 |
| 5 | Causes of Pessimism in Ahmad Hardi’s Poetry | Amjad Rahman Qadir Prof. Dr. Sardar Ahmad Gardi | 653-582 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 6 | Language processing in a bilingual mental lexicon | Dr. Bakhan Sarhad Abdulrahman<br>Dr. Tanya Ismael Hama Amin | 583-624 |
| 7 | Praise in the Kurdish poems of Sheikh Raza Talabani | Jegr Qadir Omer<br>Prof. Dr. Sardar Ahmad Gardi | 625-681 |
| 8 | The elements of place and unfamiliar in both (The red palace ) and (a child on the moon) the novel of (Hiwa kader) | Rebaz qadir yaseen<br>Prof. Dr. Mahdi Fatih Omar | 682-713 |
| 9 | Language acquisition and learning in children in the Sulaymaniyah and Hawrami dialects | Salm Hassan Aziz<br>Prof. Dr. Baker Omer Ali | 714-750 |
| 10 | Learning a Second Language Through Mental Imagery English as an Example"" | Prof. Dr. Abduwlwahid mushir Mahmood<br>Dr. Rezhna saefaddin hasan | 751-777 |
| 11 | New Historicism Criticism and Its Application in Miran Abraham's Novel Nishtmani sara | Kanyaw Bakr Abdulla<br>Prof. Dr. Shno Muhammed Mahmwd | 778-807 |
| 12 | The Naming process in the Preservation Kurdish Language | Hemin Qadir Mahmood<br>Assist. Prof. Dr. Mustafa Raza Mustafa | 808-862 |

Kirkuk University Journal for Humanities Studies

Volume (20) Issue Two - Part One - September 2025

Issued by the College of Education for Human Sciences, Kirkuk University

جامعة كركوك

University of Kirkuk

# Kirkuk University Journal for Humanities Studies

A peer-reviewed quarterly journal from the College of Education for Humanities, University of Kirkuk

A quarterly magazine issued by the College of Education for Human Sciences Kirkuk University

issn 1992 - 1179

Postal address
Iraq/ Kirkuk/ Kirkuk University
P.O. Box: 2281 and Zip Code: 52001